The Journal of Mesopotamian Studies
;پ.ی. د.جمال فتح الله طيب- م.ی. زانا طيفور عبدالصم
سولەیمان پاشای والی بەغدا ١٧٨٠-١٨٠٢“
” (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە),
The Journal of Mesopotamian Studies, C: 3/1, Winter 2018, r. 121-142

Makale Geliş Tarihi: 15.12.2017

Makale Kabul Tarihi: 13.02.2018

# سولەیمان پاشای والی بەغدا 1780-1802
# (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە)

**پ.ی. د.جمال فتح الله طيب* م.ی. زانا طيفور عبدالصمد**

***Zana Taifer Abdulsamed – Cemal Fethullah Tayib**

کورتە

سەردەمی فەرمانڕەوایەتی مەمالیکەکان (١٧٤٩-١٨٣١) یەکێکە لە سەردەمە گرنگەکانی مێژووی نوێی عێراق، کە بۆماوەی نزیکەی سەدەیەك حوکمڕانی عێراقیان کرد، لێرەدا باس لە گرنگترین والی دەکەین ئەویش سولەیمان پاشای گەورەیە کە لە نێوان ساڵانی (١٧٨٠-١٨٠٢) حوکمرانی ئەیالەتی بەغدای کرد، سەردەمی ئەم پاشایە پڕبوو لە کێشەی سیاسی و ململانێی نێوان هۆزە عەرەبەکانی خواروو ناوەراستی عێراق. ئەم والیە هەموو هێزێکی خۆی بەکارهێنا بۆ سەرکوت کردن و لەناوبردنی ئەو کەسانەی کە لێی هەڵدەگەرانەوە، لەهەمان کاتدا هەوڵیدەدا دەسەڵاتی ناوەندی لە سەرتاسەری عێراق بچەسپێنێ، لەلایەکی دیکەوە سولەیمان پاشا هەوڵیدەدا ویلایەتەکانی تری (موسڵ و بەسراو شارەزور)یش بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، ئەم والییە توانیبوی ئاسایش و ئارامی لە ناوچەکانی تری عێراق بێنێتە دی لە باشور بۆ ناوەراستی عێراق، هەروەها لە بواری دەوڵەتداری زۆر لیهاتوو بوو، چونکە خۆی بەدوا داچوونی بۆ ئەو ڕوداوانەی بەغدا دەکردو ئاگاداری بارودۆخی هاوڵاتیان بوو، بۆیە سەردەمی مەمالیکەکان بە سەردەمی زێرێنی عێراق ناسراوە.

سولەیمان پاشا توانی عێراق لە ڕووی کارگێری و سیاسیەوە بەهێز بکات، ڕێگە لە بڵاو بوونەوەی بیری وەهابیەکان بگرێت کە لەو سەردەمەدا هەوڵیان دەدا لەناوچەکان عێراق بڵاو ببنەوە، بۆیە ڕوبەڕوویان بۆوە و دژایەتی تەواوی کردن، بەڵام بە تەواوی نەیتوانی دەریان پەڕێنێ. بۆ هەمان مەبەست ویستی دەسەڵاتی خۆی بە تەواوەتی بەسەر میرنشینی بابان بچەسپێنێ، کە لەلایەن

بابانەکانەوە بە بەردەوامی ڕەت دەکرایەوە، دواجار سولەیمان لە ساڵی ١٨٠٢ کۆچی دوای کرد.

*Doç. Dr. Alk., Zankoya Koyê, Fakulteya Perwerdeyê, Beşa Dîrokê, E-mail: Jamal.fathulla@koyauniversity.org

*Lêkolîner/Mamoste, Zankoya Koyê, Fakulteya Perwerdeyê, Beşa Dîrokê, E-mail : Zana.taifor@koyauniversity.org

**ABSTRACT**

***Sulaiman Pasha Governor Of Baghdad (1780-1802) – A Historical And Political Research***

The era of Mamluks (1749 – 1831) is one of the interesting periods of modern history, they ruled Iraq for about a century, here we are talking about one of the most important kings who was the king (Sulaiman the great) ruled the Baghdad Velayat in (1780 – 1802), his time was full of political issues and there were struggles among the Arab tribes in the middle and the south of Iraq. He used all his forces to overcome and terminate those who were rebelling against him, and had been trying to fix a central authority all over Iraq, King Sulaiman had been trying to control the other Velayats of (Mosul, Basra and Sharazur), he could provide security in the other regions of Iraq in the south and the middle, and he was very good at governing because he himself followed the events in Baghdad and he was aware of its people, that is why the Mamluk era is known as the Iraq's golden era.

King Sulaiman could strengthen Iraq's political, administrative aspects, and keep the Wahhabi idea from spreading in Iraq which had been trying to spread, that was why he stopped against them vigorously, but he could not force them out completely. For the same purpose he wanted to impose his authority over the princedom of Baban which had always been rejected from the part of Babans, eventually Sulaiman died in 1802.

**Key Words:** Mamluks, Sulaiman Pasha, Governor of Baghdat



**ÖZ**

***Bağdat Valisi Süleyman Paşa (1780-1802) - Tarihi ve Politik Bir Araştırma***

Memlükler dönemi (1749 - 1831), modern tarihin ilginç dönemlerinden biridir, Irak'ı yaklaşık bir asır boyunca yönetmişlerdir. Burada, Bağdatı 1780-1802 yılları arasında yöneten ve en önemli paşalardan biri olan Süleyman Paşa'dan (Büyük Süleyman) bahsedeceğiz.Onun döneminde siyasi konular çoktu ve Irak'ın orta ve güneyindeki Arap kabileleri arasında mücadele vardı. Bütün kuvvetlerini ona karşı isyan edenleri bertaraf etmek için kullandı ve Irak'ta merkezi bir otorite kurmak için çabaladı. Süleyman Paşa, Musul, Basra ve Şerezor gibi diğer vilayetleri kontrol etmeye çalışıyordu, Irak'ın diğer bölgelerinde güneyde ve orta kesimde güvenliği sağlamaya çalıştı; yönetimde çok başarılıydı çünkü Bağdat'taki olayları kendisi takip ediyordu ve halkından haberdardı. Bu yüzden Memluk dönemi Irak'ın altın dönemi olarak bilinir.

Süleyman Paşa Irak'ın siyasi ve idari yönlerini güçlendirmeye ve Vahhabi fikrinin Irak'ta yayılmasını önleyemeye çalıştı, bu yüzden onlara şiddetle karşı durdu, ancak onları tamamen engelleyemedi. Aynı amaçla, Babanlar tarafından hep karşı çıkılmış olan otoritesini Baban Prensliğine kabul ettirmeye çalıştı. Süleyman Paşa 1802'de öldü.

**Anahtar Kelimeler:** Memlükler, Süleyman Paşa, Bağdat Valisi

## پێشەکی

سەردەمی فەرمانڕەوایەتی مەمالیکەکان لە سەردەمە گرنگەکانی مێژووی نوێی عێراق هەژمار دەکرێت، کە توانیان نزیکەی سەدەیەك فەرمانڕەوایەتی ئەیالەتی بەغداو موسڵ و بەسرا بکەن، تێیدا ژمارەیەك پاشای بەهێز دەرکەوتن، یەکێ لەو والیانە سولەیمان پاشای گەورە بوو کە نزیکەی چارەگە سەدەیەك حوکمڕانی ئەیالەتی بەغدای کرد، سەردەمی ئەو والیە بە قۆناغێکی گرنگ لە مێژووی عێراق لە سەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە دادەنرێت، لەو کاتەی کە دەسەڵاتی وەك والی ئەیالەتی بەغدا 1780 دەست پێ دەکات و تا ئەو کاتەی کۆچی دوایی دەکات، لەو ماوەیەدا توانی بەسەر هەموو هێزە نەیارەکانی سەربکەوێ و هەموو هۆزە عەرەبی و کوردییەکان بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی، هەرکاتێك هۆزێك لێی یاخی بوایە، ئەوا سیاسەتی سەرکوتکردن و بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ کپ کردنەوەی بەکاردەهێنا، دواجار توانی تارادەیەکی زۆر ئاسایش و ئارامی بۆ ناوچەکانی عێراق دابین بکات.

ئەم توێژینەوەیە گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە لەمێژووی نوێی عێراقدا، چونکە کۆمەڵگەی عێراق بەتایبەتی لە سەردەمی مەمالیکەکان گۆڕانکاری نوێی بەخۆیەوە بینی، لەوانە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی وەهابی و ململانێی زلهێزەکان لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسا لە سەدەی نۆزدەهەم لە کەنداوی عەرەبی دا.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە سیاسەتی سولەیمان پاشای گەورە (1780-1802) لەو ماوەیەدا بخەینە ڕوو بۆ بە دیارخستنی جیاوازی سیاسەتی ئەم والیە، لە کۆمەڵگەی عێراق و ئەو ئامرازو سیاسەتانەی شرۆڤە بکەین، بە پشت بەستن بە چەندین سەرچاوەی زانستی بەردەست و لەبەر ڕۆشنایی میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی مێژوو، کە خۆی لە خستنەڕووی ڕوداوەکان و شیکردنەوەو هەڵێنجان دەبینێتەوە.

ئەم توێژینەوەیە لە دەروازە و چوار تەوەری سەرەکی پێك دێت، لە دەروازەدا باسی بارودۆخی عێراق دەکەین لە ململانێی نێوان عوسمانی و سەفەویدا و دابەشکردنی عێراق لە رووی کارگێڕیەوە خراوەتە ڕوو. تەوەری یەکەم: باس لە ژیان و کەسێتی سولەیمان پاشا دەکەین. تەوەری دووەم: تایبەتە بە دەرکەوتنی ئەو کەسایەتییە و دەستنیشان کردنی وەك والی بەغدا. تەوەری سێیەم: تەرخان کراوە بۆ هەڵوێستی بەرامبەر یاخی بوونی هۆزەکانی عێراق و میرنشینی بابان و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی وەهابی لە عێراق، تەوەری چوارەم و کۆتایی: باس لە پەیوەندی نێوان ئەیالەتی بەغداو ئەیالەتەکانی تری عێراق و دەسەڵاتی ناوەندی کراوە.

لەم توێژینەوە دووچاری هەندێك کێشە و گرفت بووین لەوانە، نەبوونی سەرچاوەیەکی تایبەت بە مەمالیکەکان کە باس لە ژیان ڕەچەڵەك و شوێن و لە دایك بوونی والییەکانی مەمالیکی عێراق بکات، چونکە ئەمانە هەموو بە منداڵی دزرابوون و دواتر لەبازارەکان فرۆشراون، هەرچەندە سودمان لە هەندێ سەرچاوە بینوە کە باسی مەمالیکەکان دەکات، کە بە شێوەیەکی کورت باسیان دەکەین، لەوانە: علاء موسى كاظم نورس: حكم المماليك في العراق (1750-1831)، و عماد عبد السلام رؤوف العطار: الحياة الاجتماعية في العراق ابان عهد المماليك (1749-1831)و، فرج محمد محمد: الحياة الاجتماعية والاقتصادية والثقافية لدولة المماليك في العراق (1749-1831).

### دەروازە:

عێراق خاوەن پێگەیەکی گەورەیە لە ڕووی شوێنی جوگرافی و مێژوویی وئابوری و ئاینی و توانا مرۆییەکانەوە، بۆیە بە درێژایی چوار سەدە کەوتە بەر شاڵاو و ململانێی نێوان هەردوو دەوڵەتی (عوسمانی وسەفەوی- قاجاری)، کە بەردەوام ئەم دوو دەوڵەتە چاویان تێبڕیبوو، دوژمنایەتی یەکتریان دەکرد لەسەر خاکی عێراق، جیاوازی مەزهەبی هۆکاری پێشینەیان بوو (الشلبي، 1991: 677)، لە سەدەی شازدەهەم دوای دروست بوونی دەوڵەتی نوێی سەفەوی لەسەر دەستی شا ئیسماعیل لە ساڵی 1501 داو هاتنی بەرەو عێراق، ناکۆکییەکانی قوڵتر کرد، ئەمەش بووە مایەی ترس و نیگەرانی بۆ دەوڵەتی عوسمانی، دواتر شەڕێکی یەکلاکەرەوە لەگەڵ دەوڵەتی سەفەوی هەڵگیرسا، بەناوی شەڕی

(چاڵدیران) له ساڵی 1514دا، که تێیدا سوڵتان سەلیمی یەکەم (1512-1520)، توانی بەسەر شا ئیسماعیلی سەفەوی سەربکەوێ ( حیجازی فەر، 2002: 103)، لە دوای خۆی کورەکەی سوڵتان سولەیمانی قانونی(1520-1566) توانی لە ساڵی 1534 بەرەو ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و عێراق هەنگاو بنێ و فروانخوازییەکانی دەوڵەتی سەفەوی بوەستێنێت (علي، 1984: 20-24).

دوای ئەوەی عوسمانییەکان دەستیان بەسەر خاکی عێراقدا گرت، بۆ باشتر بەڕێوەبردنی وولآت عێراقیان دابەش کرد بۆ نیزامی (ویلایەت و ئەیالات)[1] ، بەم شێوەی خوارەوە:

1. ئەیالەتی بەغدا: لەسەرەتای سەدەی حەڤدەهەم لە (18) سەنجەق[2] پێکهاتبوو: بۆ نموونە میرنشینی (عەمادیە)بادینان لەو سەردەمەدا لە ژێر قەڵەمڕەوی ئەیالەتی بەغدا بووە(نورس،١٥:1979)

2. ئەیالەتی موسڵ: لە ژمارەیەك سەنجەق پێکهاتبوو لەوانە: بانجلو، تکریت، هورن، بانە، ئاسکی موسڵ، زاخۆ، عانە، کەشاف (العزاوي، دون تاريخ: 285/6).

3. ئەیالەتی بەسرا: یەکەیەکی کارگێری سەربەخۆ بوو، هیچ سەنجەقیکی لەخۆ نەدەگرت، ڕاستەوخۆ لەلایەن والییەوە بەڕێوە دەبرا تا سەدەی حەڤدەهەم (مراد، 1975: 52).

4. ئەیالەتی ئەحسا: ئەم ئەیالەتە دابەش نەکرابوو، بەڵکو ئەمیش یەکەیەکی کارگێری سەربەخۆ بوو لەسەردەمی سوڵتان مورادی چوارەم (1623-1640) ڕۆڵی هەبوو(علي،1984: 22-24).

5. ئەیالەتی شەهرەزور: ئەیالەتێکی کوردی تەواو بوو، نزیکەی بیست سەنجەقی لەخۆ دەگرت، هەندێك جار سەنجەقەکانی دەکەوتنە ناو سنوری دەوڵەتی ئێران. لە نیوەی سەدەی حەڤدەهەم ژمارەی سەنجەقەکانی بەرزبووەوە بۆ 32 سەنجەق، لەگرنگترین سەنجەقەکانی بریتبوون لە (هەولیر و کەرکوك و کۆیە و هەریر) (حسین، 2006: 96).



ئەیالەتی بەغدا گرنگترین ئەیالات بوو لە ڕووی حوکمرانیەوە لەلایەن پاشا یان والی بەڕێوە دەبرا، بۆیە والی بەغدا لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت دا پشتی بە سیستەمی ساڵنامە[3] بەستابوو، لە پلەبەندیدا پاشای بەغدا پلەی یەکەمی هەبوو، دوای ئەو پاشاکانی موسڵ و بەسرا پلەی دووەمیان هەبوو، زۆرجار پاشاکانی عێراق ڕاستەوخۆ لەلایەن سوڵتانی عوسمانیەوە دیاری دەکران و فەرمانیان پێ دەکرا کە پارێزگاری لەعیراق بکەن (نوار، 1976: 79).

لە کۆتایی سەدەی حەڤدەهەم، دەوڵەتی عوسمانی سەرقاڵ بوو بە شەڕو ململانێ لەگەڵ وڵاتە ئەوروپیەکاندا، ئەمەش بووە هۆی پشتگوێ خستنی عێراق و لاوازبوونی دەسەڵاتیان و بێ هێزبوونی سوپای ئینکشاری و نەبوونی ئاسایش و ئارامی لە ویلایەتەکانی عێراقدا (العطار، 1976: 1-2). سەرەڕای دروست بوونی ململانی لەسەر پاشەویەتی بەغداو چاوتێبرینی دەوڵەتی ئێران، لەلایەکی ترەوە هەموو ئەمانە وایکرد ئەیالەتی بەغدا لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە لاوازبێ، بۆ ڕزگاربوون لەم بارودۆخە حەسەن پاشا (1704-1723) توانی هەموو عێراق لە ژێر چەتری حوکمرانی خۆیدا یەك بخات و ژمارەیەکی زۆری منداڵی مەملوکی[4] کڕی، کە تەمەنیان لە نێوان 5-6 ساڵ دەبوو،

---

[1]ویلایەت و ئەیالات: زاروەیەکی تورکییە بریتیە لە یەکەیەکی کارگێری گەورە، ڕۆڵێکی کارای لەحوکمرانیدا هەبووە، هەموو سەنجەق و قەزاو ناحیەو گوندەکانی گرتووەتەوە، لەلایەن پاشا بەڕێوە دەبرا، کە ئەویش سوڵتانی عوسمانی دیاری دەکرد، لە ڕاستیدا لە عێراق زاراوەی ویلایەت بەکار دەهات تا ساڵی (1591)، پاشان ئەم ناوە گۆڕدرا بۆ ئەیالە تا ساڵی (1864)، دواتر بۆوە ویلایەت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (صابان، 2000: 45).

[2] سەنجەق: زاراوەیەکە بەمانای لیوایەکی تایبەتی دەوڵەت دێت، بەشێکە لە بەشەکانی کارگێری لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی بۆ بەڕێوەبردن بە ناوچەیەك دەدرا، سەنجەق لەلایەن میرێکەوە بەڕێوە دەبرا، سەنجەق حوکمی 15 قەزای دەکرد، تا پێش ساڵی( 1839) سەنجەق لەلایەن کەسێکی سەربازی یاخود مەدەنی بەڕێوە دەبرا ( صابان، 2000، 136).

[3] ساڵنامە: زاراوەیەکی عوسمانیە، بەمانای (خشتەی ساڵانە) دێت، عوسمانیەکان دروستیان کردوە، یەکەم خشتە لە ساڵی 1847 دەرچووە، زانیاری دەربارەی (کارگێری و ئابوری وتەمەن و مێژوو جوگرافی) ویلایەتەکانی عوسمانی تێدابوو( صابان، 2000: 132).

[4] مەملوك: لە ڕووی سەرهەڵدان و ڕەگ و ڕیشەوە لە مەمالیکی وڵاتی میسر دەچوون، زۆربەیان لە شاری (تفلیس)ی وڵاتی (جورجیا)هێنرابوون، هەندێکی تریان لە وڵاتانی (چەرکەس و داغستان و ئەبازە و لازە و قەوقاز) هێنرابوون، لە بازارەکان مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرا، لە ساڵی 1749 وەك هێزێکی سیاسی دەرکەوتن و توانیان نزیکە 82 ساڵ حوکمرانی تەواوی عێراق بکەن. (وەردی، بێ ساڵی چاپ: 215).

پەروەردەی کردن و کەوتە ئامادە کردنیان لە ڕووی سەربازیو کارگێرییەوەو وای لیکردن هەست بکەن کەمینەیەکی نایابن لە نێو کۆمەڵگەی عیراقداو دواتر ببن بە دەسەڵاتداری بەهێز (محمد، 1978: 8). پاشان لە دوای مردنی حەسەن پاشا، کوڕەکەی (ئەحمەد پاشا)(1723-1747) بە فەرمانی سوڵتان جێگەی دەگرێتەوە، ئەمە یەکەم و دواجار بوو لە ویلایەتەکانی بەغدا کوڕێك شوێنی باوکی بگرێتەوە (نوار، 1968: 23).

لە دوای مردنی ئەحمەد پاشا لە 1747، سوڵتانی عوسمانی هەستی بە دڵخۆشی کرد، چونکە دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی دەدا هەیمەنەی دەسەڵاتیان وەکو سەدەکانی پێشوتر لێبکاتەوە و ڕاستەوخۆ حوکمی بەغدا بکات، بۆیە هەوڵ درا والی دیاربکر(حاجی ئەحمەد) بکرێتە پاشای بەغدا، سەری نەگرت، لەبەر بەهێزبوونی مەمالیکەکان و بەهۆی لێهاتوییانەوە توانیان دەست بەسەر بارودۆخی سیاسی عێراق دابگرن، بە ویلایەتی کەهیا[5] سولێمان ئەبو لەیلە1749 دەستی پێ دەکات تا ساڵی 1831 بە دوورخستنەوەی داود پاشا کۆتایی هات.

**تەوەری یەکەم: ژیان و کەسایەتی سولەیمان پاشای گەورە:**

سولەیمان پاشا لە ساڵی 1722 لە دایك بووە، یەکێك بوو لەو مەملوکانە کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم لە عێراق ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو (نورس، 1975: 26)، سەبارەت بە ڕەگ و ڕیشەو شوێنی لە دایك بوونی نادیارە، چونکە وەک باسکرا مەملوکەکانی عێراق هەموو بە منداڵی لەکاتی شەڕەکانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ ڕۆژئاوای (ئەوروپا) بە دیل دەگیران و لە بازاڕەکان مامەڵەی کرین و فرۆشتنیان پێوە دەکرا، سەرەتا سولەیمان لەلایەن (محەمەد ئەفەندی ماردینی) کڕدراوە و بۆتە مەملوکی ئەو بەڵام دوای ماوەیەك محەمەد ئەفەندی دەمرێ و ناچار سولەیمان ڕوو دەکاتە ئەیالەتی بەغدا و دەچێتە لای والی سولیمان (ئەبو لەیلە) ماوەیەك لای ئەم دەمێنێتەوە، دواتر ئەمیش لە ساڵی 1762 دەمرێ و پاشان کەسێک وەک والی نوێ بەناوی (عومەر پاشا) (1763-1775) دەستنیشان دەکرێ بۆ ئەیالەتی بەغدا، ئەم جارەش ڕوو دەکاتە لای والی نوێ، والیش ئەرکی سەرۆکی بەشی ناوخۆی بەغدای پێ سپارد، دوای باش بەڕێوەبردنی ئەم بەشەو سەرکەوتنی لە کارەکەی، والی عومەر پاشا زۆری خۆش ویست و لە ساڵی 1765 فەرمانڕەوایەتی بەسرای پێ سپارد (الشهرباتي، 2002: 36؛ البغدادي، 1978: 52).

سولەیمان بەرەو شاری بەسرا بەڕێکەوت، وەکو فەرمانڕەوای شارەکە، لە کاتێکدا هەواڵی حوکمڕانی لەناو خەڵك ڕانەگەیەنرابوو، کەچی لەلایەن والی بەغداوە دانی پیدانرابوو، لە سەردەمی حوکمڕانی سولەیمان پاشا لە بەسرا، دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران گۆڕانی بەسەر دادێت، بەمەش هێزێکی سیاسی لە ئێران دەرکەوتن بە ناوی زەندیەکان، کە کەریم خانی زەند (1750-1779)، فەرمانڕەوایەتی ئێرانی وەرگرت، لەو ماوەیەدا کەریم خان سێ جار هەوڵی گرتنی شاری بەسرای دا، تا دواجار لە ساڵی 1775 هێرشێکی سەربازی بە سەرکردایەتی (صادق خان)ی برای کردە سەر شاری بەسراو دوای ئابلۆقەدانی بۆ ساڵێك ( ورهرام، ١٣٦٨ش :١٩٤-١٩٥) توانی داگیری بکات, لەو کاتەدا سولەیمان پاشا دەستگیر دەکرێ و دەنێردرێ بۆ شاری شیراز (نورس، 1987: 270-273)، بۆماوەی 4 ساڵ زیندانی کرا، بەڵام لەو ماوەیەی کە لە زیندان بوو، پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ هاوولاتیانی شاری بەسرا هەبوو، بە هۆی لێهاتوویی خۆی و یارمەتی هاوڕێکانی، توانی پەیوەندی لەگەڵ خزمەتکاری فەرمانڕەوای ناوچەی شیراز دروست بکات کە هاوڕێی تایبەتی (زەکی خان)ی برای کەریم خانی زەند بوو، بە یارمەتی ئەو توانی خۆی دەرباز بکات (لونگريك، 1968: 233-234).

سولەیمان پاشا یەکێك بوو لەو والیانەی کە لە نێو مەمالیکەکاندا چەندین نازناوی هەبوو لەوانە: (پیاوی گەورە، پیاوی کات، پیاوی سەردەم، پاڵەوانی مێژوو، پیاوی خۆشەویست، پیاوی بەسۆز) هەروەکو

[5] کەهیا- کەتخا- کتخدا: زاراوەیەکی فارسیە لە دوو وشە پێکدێت (کد)واتە شوێن (خدا) بەمانای خاوەن، گەورە ، سەرۆك دێت، هاوشێوەی وشەی کوێخایە، بەمانای خاوەن ماڵ دێت، دواتر لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە بەکارهات بۆ بەرێوەبردنی وولات تا سەدەی هەژدەهەم، لە ڕووی سیاسیەوە پلەی یاریدەدەری والی هەبوو بۆ کاروباری سیاسیی و سەربازی و ئابوری. ( الذهبي، 1969: 460).

ستیڤن لۆنگریك دەڵێت:" سولەیمان باشترین نموونەی پاشای تورکی بوو، بە مەملوکی لە دایك ببو، بەڵام گەورەیی و جوامێری و پیاوەتی تێدابوو، لەکاتێکدا نزیکەی ماوەی سێ سەدەو نیو بوو نازناوی پاشای گەورە بە هیچ پاشایەکی عێراق نەدرابوو، بەڵام ئەم نازناوە درا بە سولەیمان، ئەمەش بۆ کەسێتی سولەیمان خۆی دەگەڕێتەوە" (1968: 233-234)، هەروەها نوێنەری بەریتانیا لە عێراق هارفۆرد جۆنز(Harford Jones) [6] لەبارەی سلێمان پاشاوە دەڵێت" سولەیمان نموونەی باشترین پاشای تورکی بوو، لە مەمالیکەکان پیاوێکی قۆزو جوان بوو، بە تەماشاکردنی دڵ دەکرایەوە، بە تایبەتی کاتێ جلوبەرگی تورکی لەبەر دەکرد، وەك پسپۆڕێك شارەزایی لە هەموو بزاوتە سەربازی و وەرزشیەکاندا هەبوو، بە ئەرك و کاروباری ئاینییەوە پابەند بوو" هەروەها عەلی وەردی دەڵێت:" سولەیمان پاشای گەورە کەسێکی ڕەوشت بەرز و لێهاتوو بوو، بوونی ئەم دوو سیفەتەش لە کەسێکدا وا دەکات کە دەروازەکانی ژیانی لەبەردەم کراوە بێ و زەمینەی لەباری بۆ خۆش دەکات تا بەرەو سەرکەوتن هەنگاو بنێ، سولەیمان پاشا هێندە کاریگەری لەسەر خەڵکی عێراق دروست کردبوو، زۆرجار کاری وایان دەدایە پاڵی کە هێشتا ئەنجامی نەدابوو، لە ستایشکردنیدا زیدەڕۆییان دەکرد" (بێ ساڵی چاپ: 246)، دواتر گەریدەی ئینگلیزی(جیمیس بیلی فریزەر) دەڵێت:" لە زستانی ساڵی 1785 ئەو ساڵە باران نەباری و گرانی دەستی پێکرد نرخی کەل وپەل وکاڵا بەرزبۆوە، بەتایبەتی نرخی گەنم بووبە هەشت قروش، نرخی جۆ بوو بە شەش قروش، خەڵك توشی قاتوقڕی بوون و خەریك بوو لە برسان بمرن، یەکسەر سولەیمان پاشای گەورە هەستا بە دابەش کردنی خۆراك، هەرچی خۆراکی ناو کۆگاکانی دەوڵەت هەبوو هەمووی بە سەر خەڵکەکە دابەش کرد بەنرخێکی هەرزان، ئەمەش کاریگەری کۆمەڵایەتی گەورەی لەسەر خەڵك دروست کرد و بووە جێگەی سەرەنجیان و ئاستی خۆشەویستییان بۆی بەرز بووەو (2006: 111).

سەرەڕای ئەو سیفەتانەی لە سەرەوە باسمان کرد لەسەر سولەیمان پاشا، هەروەها لە بواری دەوڵەتداری زۆر لیهاتوو بوو، بەتایبەتی لەکاتی کۆکردنەوەی باج ناوبانگی بە کەسێکی ڕەزیل دەرکردبوو، جگە لەمانە لە بواری خانەدانی بەناوبانگ بوو، چونکە ماڵەکەی پڕبوو لە دیوەخانی گەورە وەك ماڵی سوڵتانەکانی عوسمانی وابوو، چونکە یارمەتی هەژارانی داوەو چاودێری فەرمانبەرە گەورەکانی دەکرد (فریزر، 2006: 236).



سولەیمان زۆر گرنگی بەبواری ڕۆشنبیری و زانست داوە و خۆشەویستی زۆری بۆ زاناکان هەبووە، لەوانە نۆژەنکردنەوەی مزگەوتە کۆنەکانی شاری بەغدا، هەروەها بایەخێکی زۆری بە زانستی (عمرانیە) داوە، سەرەڕای ئەمانە بایەخی زۆری بە پەرتوکە شەرعیەکان داوە لەوانە: ئەدەب وفیقەو فەرموده، لەبواری پەروەردەش گرنگی زۆری بە مامۆستاکان داوە و موچەی شایستەی پێداون[7]، هەروەها موچەی بۆ هەموو فەرمانبەرێکی مزگەوت و قوتابخانە و دام ودەزگاکان بڕیوەتەوە، هەریەکە بە گوێرەی پلەی وەزیفی خۆی مووچەی بۆ بڕیوەتەوە، زۆر دۆستی پەرتوک بووە، هەر فەرمانبەرێك خەریکی کتێبخانەی مزگەوت بوایە و پەرتوکەکانی بپاراستایە، موچەی مانگانەی پێ دەدرا، لە خۆشەویستی بۆ زانست، لە ساڵی 1792هەڵساوە بە دروست کردنی قوتابخانەی سولێمانیە لە بەغدا، سەرەڕای ئەمانە زۆر بایەخی بە ئاوەدان کردنەوەی وڵات داوە. لەوانە دروست کردنی پردەکانی شاری بەغداو ڕێگاو کاروانە بازرگانییەکان، تەنانەت لە دەرەوەی شاری بەغداش کاری کردوە، لەوانە ئاوەدانکردنەوەی شاری (کوت و عەمارە) و نۆژەنکردنەوەی شورای بەسراو زوبێرو حیللە و ماردین و دروستکردنی قەڵا لە نزیك ویلایەتی موسڵ (البصري، 2010: 337).

---

[6] هارفۆرجۆنز (Harford Jones): کەسێکی بەریتانییەو خزمەتی کۆمپانیای کاتیباي بەریتانی کردووە لە هیند لە نێوان ساڵانی (1783-1794)، دواتر بۆتە جێگری کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی لەبەسرا، پاشان دەبێتە هاورێی سولەیمان پاشا، لەسالی 1795 وەک نوێنەری بەریتانیا لە ئەیالەتی بەغدا دیاریکرا ( الطعمە، 1985، 50).

[7] ئاقچە: پارەیەکی عوسمانییە، بۆ یەکەم جار لەسەردەمی سوڵتان ئورخانی یەکەم بەکارهاتووە، شێوەی بچووکە و کێشی چارەکێکە، لە زیو دروست کراوە ( العزاوي ،141،1975-142).

لە ڕاستیدا سولەیمان لەبەرچاوی عێراقیەکان ببوو بە ئەفسانە، دوای ئەوەی(22) ساڵ حوکمڕانی شاری بەغدای کرد، لە کۆتاییەکانی تەمەنی دوچاری نەخۆشییەك بوو کە چارەسەری نەبوو، هەندێك لە سەرچاوەکان دەڵێن لە پشتێنی بەرەو خوارەوەی مردبوو تووشی شەلەل بوو، هەندێکی تر دەڵێن دوچاری نەخۆشی ڕۆماتیزم بووە، لەئەنجامدا لە ڕۆژی(7ی ئاب) پێش نوێژی نیوەڕۆی ساڵی 1802 لە تەمەنی هەشتا ساڵ بوو کۆچی دوایی کرد، تەرمەکەیان لە مەزاری (ئیمام الأعظم)ناشت. سولەیمان خاوەنی سێ کوڕی بچووك بەناوەکانی (سەعید وصادق وصالح) و چوار کچ بوو، هەروەها چوار زاواشی لە دوا بەجێما بۆ حوکمڕانی لەوانە: (عەلی پاشا کەهیە ،سەلیم ئاغا، داود ئاغا، نەسیف ئاغا)، بەر لە مردنی هەموویانی کۆکردەوە لەگەڵ (محەمەد بەگی شاوی) کە پلەی (باب العرب)ی هەبوو وەسیەتی کرد، لە دوای خۆی عەلی کەهییەی زاوای دەسەڵات لە ئەستۆ بگرێت (الورد، 1989: 231 ؛ نورس، 1975: 59).

**تەوەری دووەم: ڕۆڵ و دەرکەوتنی سولەیمان لە وەرگرتنی پۆستی ئەیالەتی بەغدادا 1780:**

دەرکەوتنی سولەیمان وەك پاشا لەو کاتە دابوو کە کرا بە فەرمانڕەوای بەسرا بە فەرمانی عومەر پاشای والی بەغدا لە ساڵی 1763، خەڵکی بەسرا زۆر بە خۆشحاڵیەوە پێشوازییان لێکرد لەو ماوەیەی کە حوکمرانی بەسرای کرد بەهەموو شێوەیەك بەرگری لەو شارە کرد و هەوڵی پاراستنیدا چونکە ئەو ئەیالەتە بە درێژایی حوکمڕانی عوسمانیەکان، پڕبوو لە کێشە و ناکۆکی هۆزایەتی، بە حوکمی ئەوەی نزیك بوو لە سنوری دەوڵەتی ئێران، بۆیە بەردەوام ئێران یارمەتی جوڵانەوەکانیان دەدا (نورس، 1987: 275-277) سولەیمان لە ساڵی 1779 لە ئێران ئازاد کراو بەرەو بەسرا گەرایەوە وەك فەرمانرەوای ناوچەکەو دەستی بەکارەکانی کردەوە، لەو سەردەمەدا حەسەن پاشا (1778-1780) والی بەغدا بوو، بەڵام بارودۆخی بەغدا لەڕووی سیاسی و ئابوری تاڕادەیەك شڵەژابوو، وڵات توشی قەیران ببوو خەڵکی بێزاربوون لە دەسەڵاتەکەی بە هەموو شێوازێك هەوڵی چارەسەر کردنی بارودۆخەکەیان دەدا، لەم پێناوەدا خەڵکی بەغدا هەستان بە ناردنی نامەیەك بۆ (باب العالی) بۆ ئەوەی لە بارودۆخی بەغدا ئاگاداری بکەنەوە (عبدالله، 2014: 73) فەرمانڕەوایەتی حەسەن پاشا لە هەژدە مانگ زیاتر نەبوو، چونکە لە ژێر گوشاری هاوڵاتیاندا بوو، بەتایبەتی لەوکاتەدا کەسێك بەناوی (محەمەد عەجەمی)[8] توانی 10000 کەس لە دەوری خۆی کۆبکاتەوەو ناوچەیەکی بەرفراوان لە دەوروبەری بەعقوبە داگیر بکات و ئاسایشی شاری بەغدا تێك بدات، هەڵسا بەهاندانی هۆزەکانی عێراق تا شۆرش لە دژی مەملوکەکان بەرپا بکەن، بەمەش ناڕەزایی خەڵك پەرەی سەندو لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ساڵی 1779 شەڕ لە نێوان دوو کەس ڕوودات لە نزیك مەزاری شێخ عومەر(البصري، 2010: 186-187)، کاتێ دانیشتوانی ناوچەکە گوێبیستی ئەم هەواڵانە دەبن، دەرفەتەکە دەقۆزنەوەو دەڵێن" خەڵك حەسەن پاشای ناوێ، والی لەوە ترساو خۆی لەقەڵای شار قایم کرد، خەڵکەکەش کاتێ زانیان پاشا ترساوە، بەناو شەقامەکانی شاری بەغدا بڵاوبوونەوە و سەنگەریان لێداو هەڵیان کوتایە سەر قەڵای پاشا، هەر ئەو ڕۆژە کە شەو داهات، والی لە ترسان لە پشتی دەرگای قەڵاکە بە دزیەوە بەرەو پردی کەرخ پەڕیەوە چووە شاری دیاربکر، لەوێ مایەوە تا نەخۆش کەوت و مرد، دواتر سوڵتان بڕیاریدا بەوەکالەت ئیسماعیل کەهیە بچێتە بەغدا" ( وەردی، بێ ساڵی چاپ: ٢٤٥). هەموو ئەو ڕوداوانەی لە ویلایەتی بەغدا ڕویاندا زەمینەی لەباریان بۆ سولەیمان پاشای گەورە خۆشکرد تا بەرەو شاری بەغدا بچێت و وەك والی ئەیالەتی بەغدا پێشوازی لێ بکرێ، چونکە ئەیالەتی بەغدا لەڕووی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە لە بارودۆخێکی نالەبار بوو.

لە راستیدا سولەیمان پاشا لە بەسرا بەدوا داچوونی بۆ ئەو ڕوداوانەی بەغدا دەکردو هەوڵی بە دەستهێنانی دەسەڵاتی دەدا، بۆ ئەم مەبەستە نامەی بۆ سوڵتان عەبدولحەمیدی یەکەم (1774-1789) نارد



---

[8] محەمەد عەجەمی: کەسێکی بە ڕەگەز فارسی بوو سەرەتا لە ناوچەکانی فارس بووە، دواتر بەرەو شاری بەغدا دێت بەهۆی ئەوەی کەسێکی دەوڵەمەند بوو، توانیبوی هەموو کاربەدەستان و فەرمانبەرانی حکومەت لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، هەندێ جار بەرتیلی بۆ دەناردن (الاعظمي,١٩٢٦: ٢٠٩).

تا له بارودۆخی بەغدا ئاگاداری بكاتەوەو پێی دەڵێت: "خێرا فریای بەغدا بكەوە چونكە بارودۆخی ئەیالەتی بەغدا شڵەژاوە" (محمد، ١٩٧٨: ٦٠٤)، هەروەها عەلی وەردی پێی وایە ئەم نامەیەی لەلایەن سولەیمان پاشاوە ناردراوە بۆ سوڵتان، ئەمە جۆرێك بووە لە مەرایی، تاوەكو بیكات بەوالی بەغدا، بۆیە سوڵتان فەرمانی دەركرد بۆ سولەیمان پاشا تا بەرەو بەغدا بڕوات و چارەسەری كێشەكان بكات، دواتر له ساڵی (1194هـ/1780ز) سولەیمان وەك والی بەغدا دەستنیشانكرا ماوەی 22 ساڵ حوكمڕانی ئەیالەتەكانی (بەغدا و شارەزور و بەسرای )كرد (بێ ساڵی چاپ: ٢٤٥).

هەروەها لەوكاتەدا سولەیمان پاشا پەیوەندییەكی پتەوی لەگەڵ بەریتانییەكان هەبوو، بۆیە نوێنەری بەریتانییەكان (مستر لاتوش) له ئەستەنبۆل پشتگیری تەواوی سولەیمانی كرد تا ببێت بە والی بەغدا، بۆ ئەم مەبەستەش هەستا بە ناردنی نامەیەك بۆ ئەنجومەنی بەڕێوەبەراتیەكان تا پشتگیری سولەیمان بكەن، لەوكاتەدا وڵاتانی ئەوروپا بە تایبەتی بەریتانیاو فەرەنسا، لەڕووی ئابوریەوە لە ناوچەكانی رۆژهەڵات و كەنداوی عەرەبی له ململانێیەكی بەهێز دابوون، كاتێ سولەیمان فەرمانڕەوایەتی بەسرای دەكرد، پەیوەندیەكی پتەوی هەبوو لەگەڵ كۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵات له ڕێگەی بازرگانی كردن لەگەڵ یەكتری زۆرجار دیاری و پارەو پولی بۆ باڵوێزی بەریتانیەكان دەنارد، بۆیە دۆستایەتیان بەهێز بووە ئەمەش ڕۆڵی گەورەی له دانانی سولەیماندا بینی (العابد، ١٩٧٩: ٥٤)، كاتێ سولەیمان بەرەو بەغدا بەڕێكەوت زۆر لە سەرەخۆ هەنگاوی دەنا، لە ڕێگاو چەند شوێنێك هەڵوێستەی دەكردو دەیویست هێزو توانای خۆی دەربخات، تا هۆزەكانی سەر ڕێگای نێوان بەسراو بەغدا لە دەوری خۆی كۆبكاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت پشتگیریان بەدەست بێنێت، پاش ئەوەی چووە ناو شاری بەغدا، ئیسماعیل كەهیەی جێگری والی پیشوترو هەندێ لە ئەفسەرانی سوپای عوسمانی لە پێشوازی دابوون، له ڕۆژی 15ی شەوالی ساڵی1708 گەیشتە شاری بەغدا، یەكەم كاری لەناوبردنی دوژمنەكانی بوو، كە توانی زۆر بە لێهاتویانە بارودۆخی ناوخۆو دەرەوەی ئەیالەتەكانی عێراق كۆنترۆڵ بكات و بەسەر هەموو كۆسپ وناخۆشیەكان زاڵبێت، بۆیە لەو كاتەدا بەپاڵەوانی مێژووی نوێی عێراق ناسراوە (یاسین، ٢٠٠٤: ١٦١). سولەیمان پاشا سودی لە ئەزموونی حوكمرانی وەرگرتبوو، جگە لەوەی حەزی لە پلەو پایە بوو، هەر بۆیە دەیزانی هەنگاوەكانی گەیشتن بە دەسەڵات چین.



## تەوەری سێیەم: هەڵوێستی سولەیمان پاشا بەرامبەر هۆزەكانی عێراق (1780-1802):

سولەیمان پاشا كاتێ دەسەڵاتی ئەیالەتی بەغدای وەرگرت، هەوڵیدا سیاسەتێكی میانڕەو بەرامبەر هۆزە عەرەب و ناعەرەبەكانی عێراق پەیڕەو بكات، هەر كەسێك لە فەرمانی دەرچوبایەو یاخود باج و خەراجی نەدابایە و گوێڕایەڵی فەرمانەكانی نەبوایە، بە یاخی بوون لە قەڵەمی دەدا، بۆیە یەكەم كاری بۆ بەهێز كردنی دەسەڵاتی نزیكەی هەزار مەملوكی كڕی، دەستیكرد بە پەروەردە كردنیان لە ڕووی سەربازی و سیاسیەوە بۆ پارێزگاری كردن لە دەسەڵاتی خۆی، جگە لەوە سولەیمان لە ساڵانی 1782-1783 داوای یارمەتی لە حكومەتی بەریتانیا لە بۆمبای كرد كە بڕێك چەك و تفاقی پێبدا، بە هەمان شێوە لە ساڵانی 1798-1799 جارێكی تر داوای یارمەتی لێكردن و ئەوانیش هاوكاریان پێشكەش كرد. بەم جۆرە سولەیمان توانی دەسەلاتی خۆی لە ڕووی سەربازی و سیاسی بە هێز بكات (نورس، ١٩٧٥: ١٢٧).

### 1. هەڵوێستی سولەیمان پاشا بەرامبەر هۆزی خوزاعیل[9]:

ماوەی هەشت ساڵ بوو هۆزی خوزاعیل دەستیان بەسەر زۆنگاوەكانی ناوچەی فوراتی ناوەراستدا گرتبوو باجیان نەدەدا، بۆیە سولەیمان پاشا سوپایەكی ئامادەكرد بۆ لەناوبردنیان، كاتێ كە هۆزی

[9] هۆزی خوزاعیل: هۆزێكی گەورەی عێراق بوون و ڕەچەڵەكیان دەگەڕێتەوە بۆ (طە ی كوری شەمس كوری قەحتان)، لە ڕۆژئاوای سەماوە وحیلە دادەنیشتن، باپیرە گەورەیان ناوی (عەلی كوری سلیمان ) بوو ( نوار،1976: 79-80).

خوزاعیل زانیان ناتوانن بەرامبەر والی بەغدا بوەستنەوە، بڕیاریاندا وەفدێك بۆ لای بنێرن و داوای لێخۆش بوونیان کرد، سولەیمانیش ڕازی بوو لەبەرامبەر چەند مەرجێك لەوانە: باج بدەن و کەسێك وەك بارمتە لای والی لە بەغدا بێت، هەرچەندە یەکەم جار ڕازی نەبوون لەبەرامبەر بارمتەکە، بەڵام دواجار ڕازی بوون ( الصوفي، 1952: 54).

لە ساڵی 1782 سولەیمان پاشا کاتێ سەردانی شاری سەماوەی کرد (حەمەد ئەلحمود)ی سەرۆك هۆزی خوزاعیلی بینی، سەرۆك هۆزی خوزاعیلیش هەستا کۆمەڵی دیاری لەگەڵ خۆی بۆ سولەیمان برد، ئەویش قبولی کرد، لەوکاتەدا نەخۆشی (طاعون) لەم ناوچەیە بڵاو بووەوە، ناچار والی بەرەو بەغدا گەڕایەوە، هەندەی نەخایەند حەمەد ئەلحمود لە والی هەڵگەڕایەوە، بۆیە والی بڕیاریدا هێرشیان بکاتە سەر، بۆ ئەم مەبەستە سوپایەکی نارد بۆ سەر حەمەد ئەلحمود، ئەویش هەڵات بەرەو دیوانیە، لەبەری باکوور ڕەشماڵی لەسەر ڕوباری فورات هەڵدا، هەستا بە سەردانی کردنی هۆزەکانی ئەو ناوچەیەو هەوڵیدا پەیوەندییان لەگەڵ ببەستێ، بەڵام سوپای سولەیمان هات و دەستی بەسەر بەنداوی ڕوباری فورات داگرت و توانی سەرچاوەی ئاوی هۆزەکانی ئەم ناوچەیە بگرێت، لە سەروی هەموویانەوە هۆزی خوزاعیل توشی نەهامەتی برسیەتی و تینویەتی بوونەوە خەڵکەکە ژیانێکی سەختیان بەڕێ دەکرد، ناچار سەرۆك هۆزی خوزاعیل ڕایکرد بەرەو ڕۆژئاوای فورات، پاشان بەرەو جەزیرە، دواترسولەیمان هەستا بە لابردنی سەرۆك هۆزی خوزاعیل و دانانی کەسێکی تر بە ناوی (شێخ موحسین شاملی)[10]، لە کۆتاییدا هۆزی خوزاعیل ناچاربوو باج وسەرانە بدەن، بۆ ئەم مەبەستە حەمەد ئەلحمود نوێنەری ناردەوە لای والی بەغداو داوای لێبوردنی لە والی کرد، بە هەمان شێوەی پێشووتر والی لێی خۆشبوو گەڕاندیەوە بۆ شوێنی جارانی (الكركوكلي، دون تاريخ: 174). لێرەدا زۆر بە ڕوونی بە دیار دەکەوێت کە سولەیمان پاشا کەسێکی سادە بووە، نەدەبوو بۆ جاری دووەم لە سەرۆک هۆزی خوزاعیل خۆشبایە کە هەردەم لە دەرفەتێ دەگەڕا بۆ هەڵگەڕانەوە.



لە ساڵی 1783 شێخ موحسین شامل هەوڵیدا پەیوەندی لەگەڵ هۆزی خوزاعیل ببەستێ، پاشان هەستان بە ئاژاوە و یاخی بوون لە والی بەغدا، والیش بڕیاریدا هێرش بکاتە سەریان و شێخ موحسین و هۆزی خوزاعیل خۆیان لەقەڵای(سیبایە) قایم کرد، دواتر سوپای والی توانی بەسەریان سەربکەوێ ومولْك و ماڵەکانیشیان دەستی بەسەر دابگیرێ ( لونگریک، ١٩٨٦: ٢٤٢).

لە ساڵی 1784 بۆجارێکی تر حەمەد ئەلحمودی دەستی بە ئاژاوەگێری لە دژی والی بەغدا کردەوە، جارێکی تر سولەیمان هەستا بەناردنی سوپا، بەڵام لە سەرەتادا سوپای والی دووچاری شکست بۆوە، بەهۆی سەختی ناوچەکەو شوێنی ستراتیژی هۆزی خوزاعیل، دواتر سوپای والی خۆی کۆکردەوەو توانی هۆزی خوزاعیل بشکێنێ و بەرەو شاری دیوانیە پاشەکشە بکەن، سوپای والی هەر بەمە نەوەستا بەڵکو توانی ڕێگە لە هەموو ئاوو خۆراکێك بگرێت کە بەرەو ئەو ناوچەیە دەچوو، سەرەنجام حەمەد ئەلحمود ڕایکرد بۆ ئێران و هەتا ساڵی 1787 لەوێ مایەوە ( الكركوكلي،دون تاريخ: 180 ؛ العزاوي، دون تاريخ: 94/6).

## 2. هەڵوێستی سولەیمان پاشا بەرامبەر شۆڕشی یەکێتی هۆزەکان 1786-1787:

دوای کۆتایی هێنان بە ئاژاوەی خوزاعیل، ئەم جارە (سولەیمان شاو)ی سەرۆك هۆزی عوبێد[11]، دەستی بە ئاژاوە گێری کرد لە ناوچەکانی خاپورو دەوروبەری بەغدا، توانی ئارامی و ئاسایشی شاری بەغدا تێکبدا، بۆیە والی بڕیاریدا سوپا بنێرێت بۆ ئەو ناوچانە، لە ساڵی 1786 شەڕێکی گەورە لە نێوان هۆزی عوبێد و سوپای والی ڕویدا لە نزیك فەلوجە، لەم شەڕەدا سوپای والی شکاو سولەیمان شاوی

[10] شێخ موحسین: کوڕی محەمەد کوڕی حەمەد کوری عەباس، کورە مامی حەمەد ئەلحمودی بووە، لە ململانێ دابووە بۆ بوونە سەرۆك هۆز، دواتر لە ساڵی 1797 دەمرێ ( البصري،2010: 197).

[11] عوبێد: هۆزێکی بچوك بوون، دواتر بوونە هۆزێکی بەهێز لە ناوچەکانی نێوان بەغداو موسڵ نیشتەجی بوون، سەرکردەکەیان (شاوی کوڕی نەصیف بوشاهیری)، لە سەدەی دووەمی کۆچی ژیاوە، لە سەردەمی مەمالیکەکان ڕۆلێکی گەورەیان هەبوو لە عێراق (ڕؤوف،1975: 103).

نزیك بۆوە لە ئەیالەتی بەغداو لە تەنیشت مەزاری هەلاج رەشماڵیان هەڵدا، بەم جۆرە ترس و دڵەڕاوكێ لە ناو دانیشتوانی بەغدا بڵاوبۆوە كوشتن و برین ڕویدا، كاتێ والی بەمەی زانی، یەكسەر هەموو سوپای خۆی كۆكردەوەو داوای لە دانیشتوانی بەغدا كرد، بەرگری بكەن، دواتر هێرشی كردە سەر یاخیبوان، سولەیمان شاوی شكاو بەرەو ناوچەی دوجەیل ڕایكرد ( البصري، 2010: 227)، لەوێوە پەنای بۆ هۆزی مونتەفیق بردو[12] لەوكاتەدا شێخ سوینی كوری عەبدۆلا پشتگیری خۆی بۆ سولەیمان شاوی دەربڕی، پاشان هەستا بە نامە ناردن بۆ هۆزەكانی تری عێراق تا هاوپەیمانیەتیەك لە نێوان خۆیاندا دروست بكەن، لە ساڵی 1787 هۆزەكانی خوزاعیل و مونتەفیق و بەنی عوبێد هاوپەیمانیەتێكیان بەست لە دژی دەسەڵاتی سولەیمان پاشای بەغداو دەستیان بەسەر ناوچەكانی فوراتی ناوەراستدا گرت، پاشان شێخ سوینی بە 5 هەزار چەكدار دەستی بەسەر ئەیالەتی بەسرا داگرت و والی بەسرای ناچار كرد كە پاشەكشە بكات ( البصري، 2010: 237 ؛ نورس، 1975: 47).

لە مانگی ئازاری ساڵی 1787 والی یەكسەر هێزێكی كۆكردەوە بەسەركردایەتی (ئەحمەد كەهیا)، لەرێگەی فوراتەوە ڕووی لە بەسرا كرد، لە 13ی تشرینی یەكەم ساڵی 1787 شەرێكی یەكلاكەرەوە ڕویدا لە نێوان سوپای والی وهۆزی مونتەفیق بەناوی جەنگی (ئوم حەنتە) لە نزیك بەسرا، لەم جەنگەدا سوپای هۆزەكان شكان و شێخ سوێنی هەڵات (ادامو‌ف، 1989: ص124)، كە نزیكەی ( 5 بۆ6 ) هەزار چەكدار كوژراو سوپای والی دەستكەوتێكی زۆری بە دەست هێنا، پاشان والی هەستا بە دانانی كەسێكی كوردی بەناوی (موستەفا بەگ) وەك پاشای بەسرا (الكركوكلي، دون تاريخ: 186 ؛ البصري، 2010: 240 ؛ وەردی، ب.س : ٢٥٦)، هەروەها فەرمانی كرد بە لابردنی شێخ سوێنی لە سەرۆك هۆزی مونتەفیق و (حەمود ئەلسەعدونی) لە شوێنی دانا، هەروەها هەستا بە لابردنی (حەمەد ئەلحمودی) لە سەرۆك هۆزی خوزاعیل و دانانی (موحسین ئەلحمەدی) لەشوێنی، پاشان (سولەیمان شاوی) سەرۆك هۆزی عوبێد هەڵات بۆ ئێران ( السعدون، 1999: 142-145).

130

لە ساڵی 1790 (سولەیمان شاوی) داوای لە والی بەغدا كرد كە لێی خۆشبێ، والی بەغداش لە بەرامبەر ئەوەی كە لە پێشوتر پەیوەندییەكی پتەوو بەهێز لە نێوانیان هەبووە، لێی خۆشبوو فەرمانیدا بە گێرانەوەی ماڵ و سامانەكەی و نیشتەجێ كردنی لە ڕۆژئاوی بەغدا لە ناوچەی تەل ئەسوەد (البصري، 2010: 241 ؛ وەردی، بێ ساڵی چاپ: ٢٥٦)، بەڵام دوای ماوەیەك پەیوەندی نێوانیان تێك دەچێ، هۆكاری تێكچونی پەیوەندیەكەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كە سولەیمان شاوی خۆی بە گەورە زانیوەو هەردەم دەیوست خۆی بەسەر والی بەغدا بسەپێنێ، تەنانەت لە قسەكردندا دەنگی بەسەر والی بەرز كردۆتەوە، لەلایەكی ترەوە دژایەتی ئەحمەد كەهیەی كردووە، بەوەی كە والی بەغدا خۆشەویستی زۆری بۆ ئەحمەد كەهیە هەبووە، لەبەرامبەریشدا سولەیمان شاوی ئیرەیی بەم خۆشەویستیە بردووە، بۆیە بەغدای جێهێشتووە دەستی بە ئاژاوە گێری كردووە ( لونگریك، 1986: 241).

بەڵام نوسەرێكی ئەو بوارە پێیوایە سولەیمان شاوی زۆر ڕقی لە مەمالیكەكان بۆتەوە، چونكە پێیوابوو ئەمانە داگیركەرن و هاتوون سامان وخێرو بێری عێراق بۆ خۆیان ببەن، زۆرجار ڕەخنەی لێ دەگرتن و زۆربەی كات دژیان وەستاوەتەوە، چونكە شاوی پێی وابوو خۆی شێخێكی گەورەی عەرەبە و قبوڵ ناكات ببێت بە پاشكۆی مەمالیكەكان (الصوفي، 1952: 60-61)، هەندێكی تر پێیان وایە تێكچوونی پەیوەندی نێوانیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە والی بەغدا بە نهێنی پیلانی دارشتبوو بۆ ئەوەی هەموو دەسەڵاتەكان لە ژێردەستی مەمالیكەكان بێت، بۆ ئەم مەبەستەش هەستا بە دورخستنەوەی سەرانی هێزی ئینكیشاری و لەناوبردنی دەسەڵاتی سیاسی هۆزەكانی عێراق، لە بری ئەوەش بیری لە سیاسەتی دورخستنەوەی سولەیمان شاویش كردەوە (العزاوي، دون تاريخ: 6/96-98).

كاتێ سولەیمان شاوی بەم بیرۆكانەی والی بەغدای زانی، هەستا بە كۆكردنەوەی هێزەكانی خۆی لە دەوروبەری ناوچەی خاپور، هەروەها پاڵەشتی خۆشی ڕاگەیاند بۆ ئەو كەسانەی كە لە والی بەغدا یاخی

[12] مونتەفیق: هۆزێكی عەرەبی بوون، لە شاری حیجازەوە لەكاتی فتوحاتی ئیسلام بەرەو عێراق هاتن، لە ناوچەكانی نێوان بەسراو كوفە نیشتەجێ بوون، ناوی مونتەفیق بۆ باپیرە گەورەیان دەگەڕێتەوە (العزاوي،1947: 12/4-16).

ببوون، کە زۆربەیان چوونە پاڵ سولەیمان شاوی و ڕویان کردە شاری عانە بۆ ڕوبەڕووبونەوەی والی بەغدا، پاشان والی هێزێکی گەورەی کۆکردەوە بەسەرکردایەتی( خالید ئاغا) و بە یارمەتی هێزی میرنشینی بابان، جەنگێکی یەکلاکەرەوە ڕوویدا بەناوی جەنگی (فەلوجە)، کە تیایدا سوپای والی شکستی هێنا، چونکە (ئەحمەد بەگ کوڕی سولەیمان شاوی) سەرکردەی یاخی بووەکان، لە ڕووی سەربازییەوە زۆر بە توانا و لێهاتوو بوو، توانی سەرکردەی سوپای والی بەغدا (خالید ئاغا) بە دیل بگرێت (العمري، 1967: 190 ؛ الکرکوکلي، دون تاریخ: 184-185).

لە ڕاستیدا سولەیمان شاوی خیانەتی لە والی بەغدا کردو جارێکی تر یاخی بووەوە، بەتایبەتی ئەوکاتەی ( محەمەد عەجەم) لە ئێران گەڕایەوە، هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکردبوو، پەنای بۆ سولەیمان شاوی برد، ئەویش دالدەی دوژمنەکەی والی بەغدایدا، چونکە بەپێی دابونەریتی هۆزایەتی ئەگەر کەسێك هانای بۆ بردبا، دەبوایە یارمەتی بدرێت، بۆیە کارێکی ئاسان نەبوو بۆ سولەیمان شاوی، محەمەد عەجەمی ڕادەستی والی بەغدا بکات، پاش چەندین جار والی بەغدا داوای لە شاوی کرد کە عەجەمی ڕادەست بکات، بەڵام ئەو دواکەی ڕەتکردەوە (وەردی، بێ ساڵی چاپ: 256).

سەرەنجام والی سوپایەکی کۆکردەوە بە سەرکردایەتی ئەحمەد کەهیا، ناچار سولەیمان شاوی و محەمەد عەجەمی بەرەو بیابان هەڵاتن ( البصري، 2010:279؛ وەردی ،بێ ساڵی چاپ: ٢٥٦) ، والی زۆر بە توندی ڕووبەڕوویان بووەوە، هەستا بەکوشتنی کورەکەی سولەیمان شاوی، لە ترسان شاوی ڕایکرد بەرەو ناوچەکانی خاپور، لە ساڵی 1794 بە دەستی چەند کەسێکی نزیك لە خۆی دەکوژرێ و محەمەد عەجەمیش بەرەو میسر ڕایکردو کۆتایی بەم جوڵانەوەیە هات (الکرکوکلي، دون تاریخ: 184- 185؛ البصري، 2010: 283) سوپای والی دەستی گرت بە سەر ژمارەیەکی زۆری مەڕو ماڵاتی هۆزی عوبێد، کە نزیکە حەفتا هەزار سەر مەڕوو حەوسەد سەر گامیش بوو( العمري، 1967: 193) ، لەم بارەیەوە باقر امین الورد دەڵێت" لە پای ئەم سەرکەوتنەی والی بەغدا بە سەر سولەیمان شاوی، والی بەغدا هەندە دڵخۆشبوو هەستا بە ناردنی بڕی 800 کیسە پارەو زێڕ، وەك دیاری بۆ سوڵتانی عوسمانی" (1989: 231).



### 3. هەڵوێستی سولەیمان پاشا بەرامبەرهۆزەکانی (زوبێد[13] و ڕەبیعە[14] و دلێم[15] و شەمەر[16] و بەنی عەنزە[17]):

سولەیمان پاشا یەکێك بوو لەو والیانەی کە توانی سەرجەم بزووتنەوە هەڵگەراوەکان لەناو ببات، بە تایبەتی ئەو هۆزانەی کە لەعێراق مایەی هەڕەشە بوون بۆ دەسەڵاتەکەی (لونگریک، ١٩٦٨: ٢٤٤)، لەلایەکی ترەوە سیاسەتی جێگۆرکێی لەناو سەرۆك هۆزەکان پەیرەو دەکرد، لە ساڵی 1797 هۆزی زوبێد لە والی بەغدا یاخی بوو بە هۆی نەدانی باج وملکەچ نەکردنیان، بۆیە والی بڕیاریدا بە ناردنی سوپایەك بە سەرکردایەتی عەلی کهیە، کە توانی ڕێگای وشکانی وئاویان لێ بگرێت و ناچاریان بکات کە دان بە دەسەڵاتی والی دابنێن وباج بدەن، پاشان لەهەمان ساڵدا هۆزی ڕەبیعە، بە سەرۆکایەتی شێخ بەنی لام لە والی یاخی بوون و هەڵگەرانەوە، خەڵکیان لە دژی والی هانداو باجیان نەدا، بۆیە والی

(13) زوبێد: هۆزێکی کۆنی عێراقین، دەگەڕێنەوە سەر هۆزی قەحطانیەکان، بڵاوبونەوە لە هەندێ ناوچەی عێراق و هاتنیان بۆ عێراق دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەتحی ئیسلام، دواتر لە دەوڵەتانی تری عەرەبی بڵاو بوونەوە وەك (میسرو شام و مجد)، ناوی سەرۆك هۆزەکەیان ( ئەمیر عەبدوڵا کوری جەبر)بوو (العزاوي، 1947: 4/ 422).

(14) ڕەبیعە: هۆزێکی کۆنی عەرەبی بوون، کۆچیان کرد بۆ عێراق لە سەردەمی یەکەمی ئیسلام، لە ناوچەکانی باکوری عێراق بەتایبەتی لە زیقار نیشەتجێ بوون، ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە سەر عەدنانییەکان ( العزاوي، 1947: 4/ 52-53).

(15) دلێم: ئەم هۆزە لە هۆزی زوبێد نزیك بوون، (سەر بەلیوای دلیم ) بوون، ئەم هۆزە کۆچەری بوون، دابەش ببون بەسەر چواربەش (البوردینی، البو فهد،البوعلوان،المحامد)، خەریکی کشتوکاڵ کردن بوون( العزاوي، 1947: 476/4 ؛ الکرکوکلی، دون تاریخ: 211).

(16) شەمەر: هۆزێکی کۆن بوون، بنەچەو ڕەچەڵەکیان بۆ هۆزی(طە)ی دەگەڕێنەوە، هەندێکی تر بۆ قەحطانیەکان دەیان گەڕێنەوە، باپیرە گەورەیان ( قەیس کوری شەمەر)بوو، سەرەتا لە ناوچەکانی یەمەن بوون، شەمەری عێراق پێیان دەوترا شمر الجرباء ( العزاوي، 1947: 100/4).

(17) بەنی عەنزە: هۆزێك بوون سەرەتا لە ناوچەکانی یەمەن وجەزیرە بوون، پاشان بەرەو عێراق هاتن، لە شاری (سامراء) نیشتەجێ بوون، ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ سەر هۆزی (خەفاجە)، هەندێکی تر دەیان گەڕێنەوە سەر هۆزی عەبادە ( لونگریك، 1968: 242)

هێرشی کردە سەریان و شێخ بەنی لام لە دیجلەوە هەڵات بۆ لۆڕستان، لەساڵی 1798 والی بەغدا شێخ بەنی لامی لەسەرۆك هۆزی ڕەبیعە دورخستەوە، کەسێکی تری دانا، بەڵام لە دوای لادانی ئەم سەرۆك هۆزە دووبەرەکی لە نێوان هۆزەکان پەرەی سەند، هەروەك (ستیڤن لۆنگریك) بەم شێوەیە باسی دەکات و دەڵێت: "شێخی لادراو هاتەوە هێرشی کردە سەر سەرۆك هۆزی نوێ، کە لەلایەن پاشاوە دانرابوو، ئەمەش بووە هۆی تێکچونی پەیوەندی نێوان پاشاو خەڵکی ناوچەکە، لە ئەنجامدا وولات توشی گرفتی گەورە بوو، کێشەوململانێی ناوچەیی پەرەی سەند، کارکردن نەما ژیان سەخت بوو، ململانێ لە نێوان هۆزەکان سەری هەڵداو بۆ نموونە هۆزی شەمەر لە ترسی هۆزی عەنزە کۆچیان کرد لە ڕۆئاوای فورات بۆ رۆژهەلات ( 1968: 242).

هەروەها لە ساڵی 1798 هۆزی دلێم لەدەسەڵاتی والی یاخیبوون، ڕووبەڕوی والی بەغدا بوونەوە و فەرمانی والی بەغدایان جێ بەجێ نەکردو بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبوون باج بدەن، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی والی کاردانەوەی بەرامبەریان هەبێت و سیاسەتێکی توندی بەرامبەریان بەکارهێنا (البصري، 2010: 321؛ الكركوكلي، دون تاريخ: 211-212).

بەهەمان شێوە هۆزی شەمەر یاخی بوون، هەرچەندە ئەم هۆزە لە کاتی دەست بەکاربونی سولەیمان وەك والی بەغدا پێشوازیەکی گەرمیان لێکرد، بەڵام لەسەرچاوەکان ئاماژە بەوە کراوە کە هەڵوێستی سولەیمان پاشا بەرامبەریان توندتر بووە لەچاو هۆزەکانی تر، ئەم هۆزە لە ناوچەکانی باکوری رۆژئاوای بەغدا نیشتەجێ بوون، دواتر بەهۆی تێکچونی پەیوەندیان لەگەڵ والی بەغدا دەستیان بە کۆچ کردن بەرەو رۆژهەڵاتی روباری دیجلە کرد لە کووت نیشتەجێ بوون ( نوار، 1968: 97)، پێدەچێت ئەو هەڵوێستە توندەی والی بۆزۆری ژمارەی هۆزی شەمەر بگەڕێتەوە کە توانیویانە مەترسی لەسەر دەسەلاتی والی دروست بکەن.



ئەگەرچی سولەیمان سیاسەتێکی توندوتێژی بەرامبەر هۆزەکانی عێراق پەیرەو دەکرد، بەڵام هەندێ جاریش سیاسەتی نەرم ونیانی بەرامبەر هەندێ لە هۆزەکانی عێراق نیشان داوە، زۆرجاریش لێیان خۆش بووە، سەرەڕای هەڵگەڕانەوەو یاخی بوونیان ( لونگریک، ١٩٦٨: ٢٤٣)، هەروەها هەندێ جاریش سەردانی هەندێ لە هۆزەکانی کردووە، لە کاتی گەشت کردن و ڕاوکردن بۆ ناوچەیەك بۆ حەسانەوە خۆی لای دەداو قسەی لەگەڵ دەکردن، یەکێك لەو هۆزانە (بەنی عەنزە) بوو.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت هۆکاری تێکچوونی پەیوەندی نێوان هۆزەکان و والی بەغدا، بۆ دووهۆکارە دەگەڕێتەوە: لەلایەکەوە هۆزەکان بەردەوام یاخی دەبوون و لە والی هەڵدەگەڕانەوە، کاریان ڕێگری و دزیکردن بوو، جگە لەوەی ئامادە نەبوون باجی ساڵانە بدەن، بەتایبەتی ئەو هۆزانەی دەکەوتنە سەر ڕێگەی کاروانە بازرگانیەکان و مایەی هەرەشەو ترس بوون بۆ سەر دەسەڵات. لەلایەکی دیکەوە، سولەیمان بەردەوام هەستی بە مەترسی دەکرد، کاتێك هۆزێك لێی یاخی دەبوو، لەوە دەترسا هەموو هۆزەکان یەك بگرن و هانی دانیشتوانی ئەیالەتی بەغدا بدەن و لە دژی ڕاپەڕن.

### 4. هەڵوێستی سولەیمان پاشا بەرامبەر بزووتنەوەی وەهابیەکان[18]:

مێژووی هاتنی وەهابیەکان بۆ عێراق دەگەڕێتەوە ساڵی 1790، کاتێ وەهابیەکان لە ناوچە بیابانەکانەوە بە شێوەی چەند تاقمێك هاتن بۆ ناو هۆزەکانی فورات و پەلاماری لەوەرگاکانی هۆزەکانی (زوفەیرو مونتەفیق و شامییە)یان دا، لەوکاتەدا هەڵگرانی بیری وەهابی دزەیان کرد بۆ ناو هۆزو شارەکانی عێراق و بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئەم بزاڤە، بۆ ئەم مەبەستە سەردانی دیوەخانی شێخەکانیان دەکرد لە فورات، بۆ ئەوەی ووتار بخوێننەوە و ئەو دوژمنایەتییەی کە لە ناو هۆزەکان هەبوو لە دژی حکومەتی عوسمانی و والی بەغدا بقۆزنەوە، ئەم بزووتنەوەیە گەشەی کردو پیاوە ئاینییە سونەکان کەوتنە مشت

[18] بزوتنەوەی وەهابی: ئاراستەیەکە مرۆڤ تێیدا پابەندە بە ڕواڵەت و تێگەیشتنی دەقاو دەقی دەقە ئاینییەکانەوە، لەسەر سروت داب و نەریت و شێوەی ڕواڵەتی پێداگری دەکات، خۆی بە نوێنەر و بەجێهێنەری ڕاستەوخۆ و ڕاستەقینەی ئاینەکەی دەزانێت، ناوی بزووتنەوەی وەهابی دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتی (شێخ محەمەد کوری عبدولوەهاب) جگە لەناوی وەهابی بە چەند ناوێکی تر ناویان هاتووە وەک (الإخوان، الموحدين، سەلەفی) ( نورس، 1975: 54 ؛ السعدون، 1999: 153؛ وەردی، بێ ساڵی چاپ: 270).

ومڕ لە نێوان خۆیان، هەندێك پێیان وابوو بزاڤی وەهابی بۆ پاككردنەوەی ئیسلامە لە بیدعە (ادامو‌ف،1989: 130؛ نورس،1975: 51-53)، لە کاتێکدا بزوتنەوەکە ڕێبازێکی گرتە بەر کە لە بە شێکی زۆر بنەماکانی ئاینی ئیسلام لایدا بوو، لەوانە کوشتن و تاڵان کردن.

لە ساڵی 1796هەواڵ گەیشتە والی بەغدا کە (عەبدولعەزیز کوری سعود) دەستی بەسەر ناوچەی (ئەحسا)دا گرتووەو گەیشتۆتە کەناری کەنداو، لەکاتی داگیرکردنی ئەو ناوچانە نزیکەی دوو سەد زانای کوشت و لەلایەکی دیکەوە ببوو بە هەڕەشە لەسەر ڕێگەی حاجییان، ئەمەش وای لە شەریفی مەکە کرد داوای یارمەتی لە سوڵتانی عوسمانی بکات، بۆ ئەم مەبەستەش سوڵتان فەرمانی بە والی کرد بەغدا هێزی سەربازی بەکار بهێنێ بۆ لەناو بردنی یاخی بووان، بەڵام لەوکاتەدا سولەیمان تەمەنی زۆر گەورە بوو بەدەست پیریەوە دەیناڵاند و ماوەیەك بەر لە فەرمانەکەی سوڵتان، سولەیمان پاشا دەست لەکار کێشانەوەی خۆی بەسوڵتان دابوو، بەڵام سوڵتان ڕازی نەبوو لەسەر دەست لەکارکێشانەوەکە،بۆیە سولەیمان ناچاربوو لە 1797 داوای لە شێخ سوێنی سەرۆك هۆزی مونتەفیق بکات تا یارمەتی بدا لە شەڕی وەهابیەکان (فائق بك،1961 :40)، شێخ سوێنی داوای لە سەرکردەکانی کرد سوپا کۆبکەنەوە و بەرەو ئەحسا بجوڵێن، هەروەها هۆزەکانی (عەقیل و زوفەیرو بەنی خالید)یش یارمەتیان دا، بەڵام کاتێ گەیشتنە ناوچەکە، کەسێکی ڕەش پێست بەناوی (تەعەیس)هێرشی کردە سەر خێوەتگەی شێخ سوێنی و بە خەنجەرێك کوشتی، هەواڵی مردنی شێخ سوینی بڵاوبۆوە، ئەو هۆزانەی لەگەڵی بوون بڵاوەیان کرد، وەهابیەکانیش ئەم هەلەیان قۆستەوەو دەستیان بە کوشتن وبڕین کرد، سوپای والی شکاو گورزێکی کوشندەیان بەرکەوت، هەروەها والی بۆی دەرکەوت ئەم بزوتنەوەیە لەوە گەورەترە کە مەزەندەی دەکرد (نورس، 1975: 53 ؛ السعدون، 1999: 153).

دوای چەند مانگێك وەهابیەکان بە سەرۆکایەتی ( سعود کوری عبدولعەزیز کوری سعود) هێرشێکیان کردە سەر گوندی (ئوم عەباس) و ژمارەیەکی زۆری لە دانیشتوانی ئەم گوندەیان کوشت و دەستیان بە ناوچەی (ئەلبیع) لەنزیك سەماوە گرت و هۆزەکانی (شەمەرو زوفەیرو ئالبوعەیج و زەفاریت) چونە پاڵیان، بەڵام وەهابیەکان گوێیان لە خەڵکی ناوچەکە نەگرت و هەستان بە تاڵان کردنی ماڵەکان و هەرچی حوشترو پێداویستی هەبوو لەگەڵ خۆیان برد ژمارەیەك لە سەرۆك هۆزەکانیشیان کوشت، لەوانە (موتلەق کوری محەمەد جربا)ی سەرۆکی هۆزی شەمەریشی تێدا بوو( البصري، 2010: 307).

لە ساڵی 1798 والی هەستی بە مەترسی جوڵانەوەکە کرد، سوپایەکی کۆکردەوە لە ژێر سەرکردایەتی (عەلی پاشای کەهیا)، کە پێك هاتبوو لە پێنج هەزار جەنگاوەری ئینکشاریەکان و ژمارەیەکی تری سوپای بەکرێگیراو مەشق پێ نەکراو، جگە لە ژمارەیەکی زۆری چەك و تۆپ، هەندێ لەهۆزەکانی (عەقیل وعوبێدو شەمەر)یش چوونە پاڵ هێزەکانی والی، عەلی پاشا گەیشتە ئەیالەتی بەسراو (محەمەد بگ ئەلشاوی)یش لەگەڵی بوو (العمري: 1967: 194-195) لەم بارەیەوە عەلی وەردی دەڵێت: "والی بەغدا پێنج هەزار تفەنگی لە نەجدییەکان بە کرێ گرت و هەژدە هەزار ئەسپ و دە هەزار حوشتریشی کۆ کردبۆوە، بەڵام ئەم هێزە گەورەیە بەکەڵکی نەهات لە بیاباندا، چونکە زۆری ئەو سوپایە بووە هۆی کێشە، لەبەر ئەوەی وەهابیەکان لە هەردوو قەڵای (الهفوف، المبرز) خۆیان قایم کردبوو، تۆپەکان نەیاندەتوانی دیواری ئەم قەڵایانە بڕوخێنن، نیشانەی شکست لە سوپای والی دەرکەوت" ( بێ ساڵی چاپ: 270)، لەم جەنگەدا سوپای والی ماندوو بێزار بوون داوای گەڕانەوەیان کرد، پێیان وابوو شەرکردن سودی نیە، (سعود کوری عەبدوالعەزیز) نامەیەکی بۆ عەلی پاشا ناردو داوای ئاشتی لێکرد، دوای چەندین نامە گۆڕینەوەو دانوساندن، لە ساڵی 1799 هەردوولا گەیشتنە ڕێکەوتن و لەمانگی تەموز سوپای والی گەڕایەوە ( نورس، 1975: 54).

ئەم ئاشتییە هێندە درێژەی نەکێشا، چونکە کاتێك کاروانێکی بازرگانی وەهابیەکان بەرەو بەغدا هاتن، تا کەل وپەلەکانیان بفرۆشن و پێداویستی خۆیانی پێ بکڕن، لەکاتی گەڕانەوەیان بە نەجەف تێ دەپەڕن، دەبینن شێخی خوزاعیل مەزاری ئیمام عەلی ماچ دەکات، ئەمەش بووە هۆی توڕەبوونی وەهابیەکان، یەکسەر ئەم کەسایەتیە دەکوژن، بەمەش شەڕێکی خوێناوی لە نێوان هۆزی خوزاعیل و وەهابیەکان ڕوو

دەدات، کە سێ کاتژمێر دەخایەنێ، ژمارەیەکی زۆری چەکدار لە نێوان هەردوولا دەکوژرێ، کاتێك (عبدالعزيز كورى سعود) بەم هەواڵەی بیست، یەکسەر داوای لە والی بەغدا کرد کە خوێنی ئەمانەی پێ بدات، ئەگینا پەیماننامەکە هەڵدەوشێنێتەوە، والی بەغدا نوێنەرێکی خۆی نارد بە ناوی (عەبدولعەزیز بەگ شاوی)، تا بزانێت هۆکاری ئەم ڕووداوە چیەو لەبەرچی شێخی خوزاعیلیان کوشتوە، بەڵام (عبدالعزيز سعود) دەڵێت:"دەبێ والی بەغدا سوپاسی خوا بکات کە لێی دەگەڕێین دەسەڵاتی بەسەر بەغدا هەبێت، سوێند بێ بە خودا بەم زوانە دەبینێ کە ڕۆژئاوای فورات بۆ ئێمەیەو ڕۆژهەڵاتی بۆ ئەوە" ( الكركوكلي، دون تاريخ: 206). لێرەدا بە دیار دەکەوێت کە سولەیمان پاشا نەیتوانیوە ویلایەتی بەغداو ناوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتی لە هەرشەی وەهابیەکان بپارێزێ.

**5. هەڵویستی سولەیمان پاشا بەرامبەر میرنشینی بابان:**

میرنشینی بابان یەکێکە لەو میرنشینە کوردیانەی کە حوکمرانی هەندێ لە ناوچەکانی کوردستانی کردووە، لە سەدەی شازدەهەم تا نیوەی سەدەی نۆزدەهەم و ڕۆلێکی گەورەی لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی بینی، زۆربەی میرەکانی ئەم میرنشینە هەوڵی ئەوەیان دەدا دەسەڵاتێکی سەربەخۆیان هەبێ (عبدالله ، 2014: 17)، کاتێ مەمالیکەکان لەچارەگی سەدەی حەڤدەهەم لە عێراق دەرکەوتن، هەوڵیان دا پشت بەو میرنشینە ببەستن، بەڵام هەندێ لە والیەکانی عێراق پەیوەندیان لەگەڵ میرە کوردەکان خراپ بوو، هەندێ جار شەڕی لێدەکەوتەوەو هێرشیان بۆ سەر کوردستان دەهێنا، بۆیە سیاسەتێکی جێگرو پەیوەندییەکی بەردەوام نەبوو لە نێوان ئەیالەتی بەغداو میرنشینی بابان چونکە بەشێک لە والیەکانی مەمالیك هەوڵی ئەوەیان دەدا جیاوازی و دووبەرەکی بخەنە ناو میرانی بابان، تا بتوانن کۆنترۆڵی دەسەڵاتی ئەم میرنشینە بکەن. ئەگەر بگەڕێینەوە پێشوتر، دەبینین لەسەردەمی والی سولەیمان ئەبو لەیلە (1749-1762)و خێزانەکەی کە ناوی (عادیلە خاتون)[19] بوو، زۆر دەستی دەخستە ناو کاروباری میرنشینی بابان ومیرەکانی بەویستی خۆی دادەنا، کاتێ سولەیمان بوو بە والی بەغدا لە 1780 هەمان بیرۆکەی والیەکانی تری مەمالیکی پەیرەو کرد، پێی وابوو کە نابێ سەرۆك هۆزەکانی کوردو عەرەب ماوەیەکی دوورو درێژ لە شوێنەکانی خۆیان بمێننەوە، بۆ ئەم مەبەستەش زوو زوو میرەکانی بابانی دەگۆری و یەکێکی تری لە جێگە دادەنا (جودت، 1301-1303: 1/ 270) ئامانجیش لەو بیرۆکەیە بۆ ئەوەبوو دووبەرەکی و ناکۆکی بخاتە ناو میرانی بابان، تا سود لەم دەرفەتە وەربگرێت و دەسەڵاتی بەسەر تەواوی خاکی عێراق هەبێت (عبدالله ، 2014: 74-75).

کاتێ سولەیمان پاشا وەك والی بەغدا دەست نیشانکرا، داوای لە میر (مەحمودی کور ئەحمەد بەگ)ی میرنشینی بابان کرد، یارمەتی بدا بۆ لەناوبردنی هەڵگەڕانەوەی (محەمەد عەجەمی و ئەحمەد کوری خەلیل)، بەڵام میر مەحمود خۆی نەچوو، بەڵکو عوسمان بەگی کوری نارد، ئەمەش بووە هۆی تورە بوونی والی و وایکرد پەیوەندی نێوانیان خراپ بێت، پاش کۆتایی هاتنی جوڵانەوەکە والی هەستا بە بەخشینی نازناوی میری میران بە (عوسمان بگ)، دوای ماوەیەکی کورت پەیوەندی نێوان مەحمود پاشای بابان و والی بەغدا بە تەواوی تێکچوو، ئەویش بەهۆی ئەوەی والی بانگهێشتی (ئیبراهیم بەگی کوری ئەحمەد) پاشای بابان کرد بۆ بەغداو داوای لێکرد، فەرمانڕەوای ناوچەکانی کۆیەو هەریر بکات، بەڵام ئیبراهیم ئەمەی پێناخۆشبوو قبوڵی نەکرد، پاشان والی ئیبراهیمی لای خۆی هێشتەوە تا بتوانێت بەلای خۆی ڕابکێشێت و بەرامبەر مەحمود پاشا بەکاری بهێنێ ( ناظم بيك، ٢٠٠١: ١٤٨)، بەڵام لەو کاتەدا هەواڵی یاخی بوونی هۆزی خوزاعیل بە بەغدا گەیشت، والی (ئیبراهیم بەگ)ی نارد بۆ دامرکاندنەوەی ئەو هۆزە، داواشی لە مەحمود پاشا کرد یارمەتی بدات، بەڵام مەحمود پاشا داواکەی ڕەتکردەوەو داوای لە والی سولەیمان کرد، کە دەست هەڵبگرێت لە دووبەرەکی وناکۆکی خستنە ناو میرانی بابانەوەو ڕێگری بکات لە دروستبوونی جەنگ لە نێو بنەماڵەی بابان، لەلایەکی ترەوە مەحمود

[19] عادیلە خاتوون: کچی ئەحمەد پاشای کوڕی حەسەن پاشای دامەزرێنەری مەمالیکەکانە، لەسەردەمی باوکی شووی بە سولەیمان ئەبولەیلە کردووە، کاتێك ئەبوو لەیلە (1749-1761) بوو بە والی مەمالیکەکان، ئەم ژنە ڕۆڵێکی کارای بینی لە کاروباری مەمالیکەکان و زۆر ڕقی لەبابانەکان دەبۆوە، چونکە پێی وابوو باوکی لایەن میرنشینی بابانەوە کوژراوە ( رؤوف، 1997 : 20-30).

پاشا لەگەڵ عوسمان کەهیەی والی کەرکوك پەیماننامەیەك دەبەستن، ئەمە بووە هۆی زیاتر تورە بوونی والی بەغدا، لەوکاتەدا والی بریار دەدا هێرش بکاتە سەر مەحمود پاشا، بۆ ئەم مەبەستەش هەستا بە ئامادە کردنی سوپایەك بۆ لەناوبردنی ( الدنبلی،٢٠٠٥: ٤٠٦-٤٠٨) هەروەها داوای لە (عوسمان ئاغا)ی پاشای کەرکوکیش کرد، یارمەتی سەربازی بدا لە موسڵیشەوە هێزێکی سەربازی هێنا، سوپای والی توانی بەرەو ناوچەکانی کوردستان پێشرەوی بکات، دواتر مەحمود تەیمور بە فەرمانرەوای کۆیەو هەریر دانا، بەمەش دەسەڵاتی مەحمودی پاشای بابانی کەم کردەوە، مەحمود پاشاش بۆی دەرکەوت ناتوانی بەرامبەر سوپای والی بوەستێ، یەکسەر وەفدیکی نارد بۆ بەغداو داوای لیخۆشبونی کرد، والیش لێی خۆشبوو، بەم مەرجانەی خوارەوە:

1. ناردنی 300 کیسە پارە بۆ والی.

2. دەست هەڵگرتن لە ناوچەکانی کۆیەو هەریر.

3. دورخستنەوەی عوسمان کەهیە لەپاشای کەرکوك و خاکی بابان.

4. ناردنی یەکێك لە کورەکانی مەحمود پاشا بۆ بەغدا تا وەك بارمتە لای والی بێت ( ناظم بيك، ٢٠٠١: ١٥٠-١٥١ ؛ عبدالله ، ٢٠١٤: ٧٦-٧٧). ئەم کارە زۆربەی والیەکانی بەغدا پەیرەویان دەکرد بۆ ملکەچ کردنی میرە کوردیەکان و سەپاندنی ویستی خۆیان.

لە سەرەتادا مەحمود پاشا رازی بوو، بەڵام دوای ماوەیەك ئەم مەرجانەی جێ بەجێ نەکرد، بۆیە والی لە ساڵی 1782 هێرشی کردەوە سەر مەحمود پاشاو ئەم جارە سوپای والی گەورە بوو گەیشتە کەرکوك، پاشان پێشرەوی کرد بەرەو دەربەندی بازیان، مەحمود پاشاو کورەکەی کە ناوی (عوسمان بگ) بوو، بەرگریەگی باشیان کرد (الدنبلی، ٢٠٠٥: ٤٠٧) لە ئەنجامدا مەحمود پاشا شکاو بەرەو ناوچەکانی ئێران رایکرد، چونکە لەوکاتەدا سنوری جوگرافی ئێران نزیك بوو لە میرنشینی بابان، بۆیە زۆربەی کات میرەکانی بابان هانایان بۆ دەوڵەتی سەفەوی دەبرد بۆ یارمەتی دانیان، لەلایەکی تریشەوە دەسەڵاتدارانی ئێران زۆربەی کات میرە کوردیەکانیان بۆ بەرژوەندی خۆیان بەکار دەهێنان تا وەك هێزێك بەکاریان بهێنن لە بەرانبەر پاشایانی بەغدا (نفیسي، ١٣٦١ش : ٢/ ٢٠٧-٢١٠) دواتر والی سولەیمان هەستا بە دانانی (ئیبراهیم بەگی کوری ئەحمەد ) بە پاشای میرنشینی بابان، تەواوی ناوچەکانی (کۆیەوهەریرو قەڵاچۆلان )ی پێدا، لەگەڵ پێدانی نازناوی پاشا، تا ناکۆکی بخاتە نێو بنەماڵەی بابانەکان (جودت، ١٣٠١-١٣٠٣: ٣/ ٢٢٩؛ الوائلي، 2012: 114)، مەحمود پاشای بابان لەگەڵ دەسەڵاتداری ئەسفەهان (عەلی مرد خان) پەیوەندیەکی باشی هەبوو، بۆیە ناوچەیەکی پێ بەخشی، دواتر عەلی مراد خان مرد کورەکەی (بولاق خان) جێگەی گرتەوە لەگەڵ مەحمود پاشا کەوتە شەرەوە، لە ئەنجامدا مەحمود پاشا لە 1784 کوژرا، کورەکانی مەحمود پاشا (عوسمان و عەبدولرەحمان و سەلیم و عەبدوڵا بەگ و خالید بەگ) ناچار بەرەو کوردستان گەرانەوەو عوسمان و عەبدولرەحمان داوای لێ خۆشبونیان لە والی بەغدا کرد،پاشان والی بەغدا لێیان خۆشبوو تازیەی بۆ مەحمود پاشا داناو داوای لێ کردن سەردانی بەغدا بکەن، پاشان حوکمرانی هەندێ لەناوچەکانی (قزلربات وعەلی ئاباد وخانەقین)ی پێدان ( امین زکي ، 1951: 45).

دوای دەست بەکاربوونی ئیبراهیم پاشا وەك میری بابانەکان، توانی ماوەیەك حوکمرانی ناوچەکانی کوردستان بکات، بەهۆی ئەوەی ئیبراهیم پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ والی بەغدا هەبوو، چونکە ماوەیەك لای والی بەغدا بوو (جودت، 1301-1303: 230/3)، بەڵام ئەم پەیوەندیە درێژەی نەکێشا، کاتێك سەرۆك هۆزی عوبێد (حاجی سولەیمان شاوی) لەساڵی 1785 لە والی بەغدا هەڵگەراوە، والیش داوای یارمەتی لە ئیبراهیم پاشا کرد کە هێز رەوانە بکات ئەویش بەرەو بەغدا رۆیشت، کاتێ ئیبراهیم پاشا گەیشتە ناوچەی (عەقەرقوف)، سولەیمان شاوی نەبینی، بەڵام پارەو کەل وپەل و ئاژەڵیکی زۆری دەستکەوت کە سولەیمان شاوی لە دوای خۆی بە جێی هێشتبوو، پاشان ئیبراهیم پاشا ئەم هەموو دەستکەوتەی برد بۆ والی بەغدا، بەڵام سولەیمان بۆ ئەوەی ئەو ئازایەتیەو سەرکەوتنە نەدرێتە پاڵ ئازایەتی و دلێرایەتی بابانەکان (بابان ، 1993: 45)، هەستا ئەحمەد ئاغای مۆر هەڵگری خۆی خەڵات

کرد، تەنانەت بە شێوەیەکی زارەکیش سوپاسی ئیبراهمی پاشای نەکردو ڕێزی لی نەگرت، لە ئەنجامدا ئیبراهیم پاشا بە نائومیدی گەڕایەوە بۆ کوردستان[20]. ئەوەندەی پێ نەچوو پەیوەندی نێوان والی و ئیبراهیم پاشا تێکچوو بەهۆی ئەوەی کە لە ساڵی 1786 بۆ جارێکی تر سولەیمان شاوی دژی والی بەغدا یاخی بۆوە، ئەم جارەش والی داوای یارمەتی لە بابانەکان کرد، بەڵام بەهۆی ئەوەی عوسمان کوری مەحمود پاشا نزیکتر بوو لە والی بەغدا، ئەو زووتر فریایی کەوت، ئیبراهیم پاشا دورتر بوو لە ناوچەکە ئەمەش بووە هۆی درەنگ چوونی ئیبراهیم، یەکسەر والی بریاری لابردنی ئیبراهیم پاشای داو لە جێی ئەو عوسمان پاشای ئامۆزای بە پاشای بابان دانا ( دهش، 2007: 83). کەواتە سولەیمان پاشا سیاسەتێکی دروستی پەیرەو نەکردووە، هەر بۆیە بەردەوام جوڵانەوەو هەڵگەڕانەوە لە ناوچە جیا جیاکانی عێراق و کوردستان و ڕویدەدا.

هێندەی پێ نەچوو (موستەفا ئاغا)ی پاشای بەسرا لە ساڵی 1788 لە والی بەغدا یاخی دەبێت، هەروەکو لە پێشوتر ئاماژەمان پێکردبوو، لە دوای دامرکاندنەوەی یەکێتی هۆزەکان، والی بەغدا (موستەفا ئاغا)ی کردە پاشای بەسرا، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت، موستەفا ئاغا یاخی بوو لە والی و هەستا بە بەستنی هاوپەیمانیەتێك لەگەڵ (عوسمان پاشای بابان و ئیسماعیل ئاغای سەرۆك هێزی لاوەند و هۆزی مونتەفیق و سولەیمان شاوی)، دژی والی بەغدا، ئامانجیان لەناوبردنی دەسەڵاتی مەمالیکەکان بوو ( الوائلي،2014: 163)، بەڵام سولەیمان شاوی خیانەتی کردو هەستا بەرەو بەغدا ڕۆیشت، هەموو ئەو نامانەی بە والی نیشاندا کە لەنێوان خۆیان ئالوگۆڕیان کردبوو، کاتێ والی بەمەی زانی یەکسەر بە شێوازێکی زیرەکانە کەوتە مامەڵە کردن لەگەڵیان، یەکەم کاری سەرۆك هۆزی لاوەندی دورخستەوە لە (قزلربات) بۆ(زەنگاباد)، بانگی عوسمان پاشای کرد بۆ بەغدا لە 1789 لەوێ ژەهر خواردی کرد، لە ڕێگەی خواردنەوەی قاوە، پاشان هەوڵیدا موستەفا پاشاش بکوژێ بەڵام سەری نەگرت، موستەفا پاشاو سەرۆك هۆزی مونتەفیقیش بەرەو بیابان هەڵاتن، ئیبراهیم پاشا بۆ جارێکی تریش بۆوە سەرۆکی بابانەکان، بەڵام کاتێك هەواڵ گەیشتە (عەبدولرحمان کوری مەحمود پاشا) کە (عوسمان پاشا)ی برای مردووە یەکسەر بەرەو ئێران بەڕێکەوت، ماوەیەك لەوێ مایەوە، دواتر نامەیەکی بۆ والی بەغدا نارد، والیش بانگی کردە بەغداو هەندێ شوێنی پێدا. بەڵام لەبەرئەوەی بارودۆخی میرنشینی بابان سەقامگیر نەبوو، ئەمەش لەگەڵ ئامانجە تایبەتیەکانی والی بەغدا یەکی نەدەگرتەوە، هەر هەمان ساڵ ئیبراهیمی لاداو ئەم جارە (عبدولرحمان)ی کردە پاشای بابانەکان (1789-1813)، دوای چەندین جار بوون بە پاشای بابان و هەڵاتنی بۆ ئێران و هاتنەوەی هەتا دوای والی (سولەیمان)یش، عەبدولرحمان پاشای بابان هەر بەردەوام بوو لە دژایەتی کردنی مەمالیکەکان و والیەکانی بەغدا ( ئەسکەندەر،٢٠٠٤: ١٤٨).

**تەوەری چوارەم: پەیوەندی نێوان ئەیالەتی بەغدا لەگەڵ ئەیالەتەکانی تردا 1780-1802:**

ئەیالەتی بەغدا لە گرنگترین ئەیالەتەکانی عێراق بوو، هەموو ئەیالەتەکانی تری عێراقی لە دەوری خۆی کۆ کردبۆوە، بە درێژایی سەدەکانی پێشوو بەغدا بە دڵی عێراق ناسرا بوو، لە سەردەمی سولەیمان پاشادا ئەیالەتی بەغدا خاوەن نفوزو دەسەڵاتێکی زۆر بوو، ئەوەش بەهۆی بەهێزی سولەیمان لە دەسەڵاتدا کە توانیبوی هەموو جومگەکانی دەسەڵات بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوەو بە ئاسانی هەر هۆزێك لێی یاخی بوایە بە زوترین کات لە ناوی دەبردن، چونکە سولەیمان هەوڵی دەدا دەسەڵاتی ناوەندی(مەرکەزیەت) پەیرەو بکات، والی بەغدا وایلیهاتبوو هەر کەسێك هەڵبگەڕایەوە، لە هەر شوێنێکی عێراق بوایە لەناوی دەبرد، هەر بۆیە زۆربەی سەرچاوەکان دەڵێن سولەیمان پاشا فەرمانڕەوایەتی ئەیالەتی بەغداو بەسراو شارەزوری دەکرد لەیەك کاتدا (نوار، 1968: 13).

**1 پەیوەندی نێوان ئەیالەتی بەغداو ئەیالەتی موسڵ:**

[20] بەڵام کاتێ ئیبراهیم پاشا لە ساڵی 1784 پایتەختی میرنشینی بابانی لە قەڵاچۆلان گواستەوە بۆ سلێمانی، هەندێ بیرو ڕا هەیە کە گوایە ناوی شاري سلێمانی بۆ والي سولەیمان پاشای والی بەغدا دەگەڕێتەوە، چونکە ئیبراهیم پاشا هەندە والی سولەیمان پاشای خۆش ویستوە، بەڵام ڕایەکی تر هەیە دەڵێن ناوی سولەیمانی دەگەڕێتەوە بۆ باپیرە گەورەی ئیبراهیم پاشا کە ناوی سولیمان بوو ( الوائلي، 2014: 143).

ئەیالەتی موسڵ یەکەم شاری عێراق بوو پەیوەستبوو بە دەوڵەتی عوسمانیەوە، لە ڕووی جوگرافیەوە لە ڕۆژهەڵات هاوسنور بوو لەگەڵ ئەیالەتی شارەزور، لە باکورەوە ئەیالەتی دیاربکر، لە ڕۆژئاواوە ئەیالەتی ڕەقە، لە باشور ئەیالەتی بەغدا، لە نیوەی سەدەی هەژدەم، ئەیالەتی موسڵ سەربەخۆ بوو، وەك ئەیالەتەکانی تری عێراق خاوەن یەکەیەکی کارگێری تایبەت بەخۆی هەبوو لە ڕووی حوکمرانی و کارگێریەوە، زۆربەی کات ئەیالەتی بەغدا پشتی بەو ئەیالەتە دەبەست، لە یارمەتیدانی سەربازی و ئابوری و لە لەناو بردنی یاخی بووان (مراد، 1975: 50-51)، لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەم بنەماڵەی جەلیلییەکان[21]، بەرەو موسڵ هاتن توانیان حوکمڕانی ئەم ناوچەیە بۆ ماوەی سەدەو نیوێك بگرنە دەست، کە هاوسەردەمی مەمالیکەکان بوون، هەروەها هەندێ جار پەیوەندی نێوانیان تێك دەچوو، چونکە ئەیالەتی موسڵ هەوڵی سەربەخۆ بوونی خۆی دەدا، ئەمەش بە بەردەوامی لەلایەن پاشاکانی بەغدا ڕەتکراوەبوو، چونکە پاشای بەغدا هەوڵی دەدا دەسەڵاتی مەرکەزی(ناوەندی) بەسەر ویلایەتەکانی تری عێراق بسەپێنێ، هەروەك لە سەردەمی (سولەیمان کوری ئەمین پاشا جەلیلی)(1771-1775)هەوڵیدا سەربەخۆی ئەیالەتی موسڵ بە دەست بهێنی و نەچیتە ژێر باڵی مەمالیکەکانەوە، بەڵام لە دوای مردنی کوڕەکەی( موحەمەد) 1789-1806 دەسەڵاتی گرتە دەست ئەم پاشایە هاوسەردەمی سولەیمان پاشای والی بەغدا بوو، پەیوەندییەکی نوێ لە نێوان ئەم دوو ئەیالەتە دەستپێکرد، لە ساڵی 1794 پاشای موسڵ هەستا بە ناردنی هەندێ لە سەرۆك هۆزەکان بۆ ئەیالەتی بەغدا تا پەیوەندی دیبلۆماسیان بەهێز بێت، تاڕادەیەك گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە جاری وا هەبوو (محەمەد پاشای جەلیلی) هەستاوە بە ناردنی چەك و پێداویستی سەربازی و خۆراکی بۆ والی بەغدا ناردووە، زۆربەی کات محەمەد پاشای یارمەتی والی سولەیمانی دەدا لە لەناوبردنی جوڵانەوەکان، چونکە پەیوەندیان لە ڕووی سیاسی و سەربازی و بازرگانی لە لوتکە دابوو، لە دوای مردنی سولەیمان پاشاش ئەم پەیوەندیە هەر بەردەوام بوو (رؤوف، 1975: 137-138).



**2. پەیوەندی نێوان ئەیالەتی بەغداو بەسرا:**

ئەیالەتی بەسرا یەکێکە لەو ئەیالەتانەی لە سەدەی شازدەم لە ژێر دەسەڵاتی هۆزی مونتەفیق بوو، دواتر لە سەدەی حەڤدەهەم بنەماڵەی (ئەفراسیاب) بەرەو بەسرا هاتن و توانیان لە نێوان ساڵانی(1596-1668) حوکمرانی ئەم ناوچەیە بکەن، (سوڵتانی عوسمانی) تاڕادەیەك پەیوەندی لەگەڵ ئەم ئەیالەتە باش نەبوو، بەهۆی نزیکی سنوری لە دەوڵەتی سەفەویەوە، لەبەر ئەوە ئەم ناوچەیە تاڕادەیەك نیمچە سەربەخۆ بوو(راسم، ١٣٢٩-١٣٣٧: 3/ 1048)، بەڵام لە سەدەی هەژدەمدا لە سەردەمی مەمالیکەکان فراوان بوو بۆ چەند سەنجەقێك، بە تایبەتی لەسەردەمی والی سولەیمان دا زیاتر گرنگی بەم ناوچەیە درا، بە حوکمی ئەوەی پێشوتر ماوەیەك حوکمڕانی ئەم ناوچەیەی کردبوو، لەڕووی بازرگانی و ئابوری شارەزای ناوچەکە بوو، جگە لەوەی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی بایەخێکی گەورەو بازرگانی هەبوو لەم ناوچەیە، ئەمەش وایکردبوو سولەیمان پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ بەریتانیەکان، هەروەها بەهۆی بەندەری بەسراو هاوسنوری لەگەڵ دەوڵەتی سەفەوی، بەردەوام لەلایەن سەفەوییەکانەوە هێرشی دەکرایە سەر، لە ساڵی 1788 والی هەستا بە دانانی (عیسا ماردینی)، وەك فەرمانڕەوای بەسرا (علي، 1984: 123).

**3. پەیوەندی نێوان ئەیالەتی بەغدا و ئەیالەتی شارەزور:-**

ئەیالەتی شارەزور ئەیالەتێکی کوردی بوو، لە ڕووی هەڵکەوتە جوگرافیەکەی، لە ڕۆژهەڵاتەوە خاکی ئێران، لە باکورەوە ناوچەی هەکاری، لەڕووی دابەش بوونەوە دابەش کرابوو بۆ (21) سەنجەق ( حسین، 2006: 96)، لە سەدەی هەژدەهەم خرایە ژێر سەرپەرشتی والی بەغدا، پەیوەندی نێوان

[21] جەلیلیەکان: دەگەڕێنەوە بۆکەسایەتی(عبدولجەلیل کوڕی عبدومەلیك) خەڵکی دیاربکر بوو، بە کاری بازگانیەوە لە نێوان موسڵ و دیاربکرو ئەستامبوڵ خەریك بوو، بەهۆی نزیکیان لە سنوری ویلایەتی موسڵ توانیان بەرەو ئەو ناوچەیە بێن، سەدەو نیوێك حوکمی ویلایەتی موسڵیان کردووە (علي، 1984: 58).

ئەیالەتی بەغداو شارەزور زۆر بەهێز بوو، چونکە ئەیالەتی شارەزور بۆ والی بەغدا گرنگ بوو بە تایبەتی لەکاتی جوڵانەوە کوردیەکان و یاخی بوونی هۆزە عەرەبەکان، زۆر یارمەتی والی بەغدای دەدا، هەر بۆیە پاشای ئەم ئەیالەتە، زۆربەی کات ڕاستەخۆ لەلایەن بەغداوە دیاری دەکرا، هەندێ کاتیش والی سولەیمان خۆی سەرپەرشتی دەکرد ( مراد، 1975: 60-66).

لە ساڵی 1786 هۆزی مونتەفیق لە والی بەغدا یاخی بوو، هەروەها لە ساڵی 1787 (سولەیمان شاوی) سەرۆك هۆزی عوبێد هەڵگەڕاوە، بۆیە والی داوای یارمەتی لە عوسمان پاشای کەرکوك کرد تا یارمەتی بدا، ئەویش هەستا بە ناردنی هێزێکی سەربازی بۆ لەناو بردنی هەڵگەڕاوەکان، لەوکاتەدا والی بەغدا زۆر هەوڵیدا ئارامی بۆ ناوچەکانی ئەیالەتی شارەزور دابین بکات، چونکە والی دەیویست لە ڕێگەی ئەیالەتی شارەزورەوە ئاگاداری بارودۆخی بابانەکان و هۆزە کوردیەکان بێت ( حسين، 2006: 113-119).

### 4. پەیوەندی نێوان ئەیالەتی بەغداو ئەیالەتەکانی (ڕەقەو ماردین ودیاربکر):

والی سولەیمان لە ماوەی حوکمرانیەکەیدا هەوڵی دەدا پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی ئەیالەتەکانی تری عێراق و دەوروبەری هەبێت تا بتوانێت کۆنترۆڵی تەواوی دەسەڵاتی سیاسی عێراق بکات، سەرەڕای ئەوەی ئەم ئەیالەتانە کاریگەری زۆری نەبوو لەسەر دەسەڵاتی سولەیمان، بەڵام لەکاتی یاخبوونەکاندا سەرکردەکان بەرەو ئەم ناوچانەیە هەڵدەهاتن ( البصري، 2010: 277-278) هەرچەندە سوڵتانی عوسمانی ڕاستەوخۆ حوکمی ئەم ئەیالاتانەی دەکردو والیەکانی دیاری دەکرد، لە سەدەی هەژدەهەم پەیوەندی نێوان بەغدا ئەم ئەیالەتانە باشبوو، بەتایبەتی کاتێ تەیمور پاشای میللی لە والی سولەیمان یاخی بوو، ئامادە نەبوو باج بدات، لەوکاتەدا باب العالی فەرمانی بە والی ڕەقەو دیاربکر کرد، ئەم جوڵانەوەیە لەناو بەرن، بەڵام والی دیاربکرو ڕەقە توانایان نەبوو ئەم جوڵانەوەیە لەناو بەرن، بۆیە داوای یارمەتیان لە والی سولەیمان کرد، والیش هەستا بە یارمەتی دانیان لە بواری سەربازی و توانی کۆتایی بە جوڵانەوەکە بێنێت (الحلبي، 1281: 4/ 430 ؛ الكركوكلي، دون تاريخ: 195).



### ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێك، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

1. مەمالیکەکان ئەو هێزە سیاسیە بوون لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەهەم دەرکەوتن، لەئەنجامی بۆشایی دەسەڵاتی سیاسی و زەمینە لەباربوونی کۆمەڵگەی عێراقی، ئەم هێزە توانیان تا نیوەی سەدەی هەژدەهەم دەست بەسەر تەواوی ئەیالەتەکانی عێراق دابگرن.
2. سولەیمان یەکێك بوو لە مەملوکەکان پێش چارەگی کۆتایی سەدەی هەژدەهەم، لە شانۆی سیاسی ڕووداوەکانی عێراق بە دیارکەوت و توانی بۆ ماوەیەك حوکمڕانی تەواوی ئەیالەتەکانی عێراق بکات، لەڕووی سیاسی و دیبلۆماسی و سەبازی و ئابوری بەهێز بێت، کاتێ توانی بۆ ماوەی 22 ساڵ زیاتر حوکمی ئەیالەتی بەغدا بکات، هەروەها هەندێ کاتیش ئەیالەتەکانی تری (شارەزورو بەسرا)شی بەڕێوە دەبرد، سولەیمانی گەورە کەسێك بوو شارەزای تەواوی لە کاروباری ناوخۆی عێراق هەبوو، بەهۆی ئەوەی لای هەندێ پاشایانی مەملوکی کاری کردووە، جیاواز بوو لەو والیانەی کە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی دیار دەکران، بێ ئەوەی شارەزای ژینگەی عێراق بن، زۆرجار توشی شکست دەبوون.
3. سولەیمان کەسایەتییەکی سیاسی توندڕەو بوو بەرامبەر ئەو هۆزو سەرۆك هۆزانەی کە لێی یاخی دەبوون و هەڵدەگەڕانەوە، هەولی لەناوبردنی دەدان، لەوانە دەرفەتی بە بزووتنەوەی وەهابی نەدا کە کۆمەڵێکی توندڕەو بوون، بۆیە بە خێرایی و زەبری هێز بەرامبەریان وەستایەوەو ڕێگری کرد لە بلاوبوونەوەی ئەو بیرە توندڕەوانە.
4. ئەم پاشایە سیاسەتی (فرق وتسد - پەرت و زاڵبە)ی بەکاردەهێنا بەرامبەر بە هۆزەکانی تری عێراق، بۆیە تا سەر دۆستی کەس نەبووە و زۆربەی کات هەوڵی دەدا هەموو ئەیالەتەکانی عێراق بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

5. سولەیمان سیاسەتی توندو تیژی بەرامبەر میرە کوردەکان پەیرەو دەکردو دەیویست دەسەڵاتی ناوەندی پیادە بکات، بۆیە بەردەوام کیشەی هەبوو لەگەڵ میرنشینی بابان، زۆر هەوڵی دەدا پەیوەندیەکی پتەوو دۆستانە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی هەبێت، تا بتوانێت باب العالی لێی ڕازی بێت.
6. توانیبوی هاوسەنگی هێزی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی سەفەوی بپارێزێت و دەرفەتی دروست بوونی شەڕ نەدات.

## لیستي سەرچاوەکان


یەکەم: سەرچاوە ڕەسەنەکان بە زمانی تورکی:

**Türkçe Kaynaklar**

El-Helebi: Mustafa Naima. 1281, Tarihu Naima- ew Rewdetu'-Huseyn fi Hulaseti Ahbaru'l-Hafıkin, c. 4, İstanbul

Rasim, Ahmet. 1329-1337, Resimli ve Haritalı Osmanlı Tarihi, 3 cilt, Sahibi ve Naşiri İkbal Kütüphanesi Sahibi Hüseyin, İstanbul

Cevdet, Ahmet. 1301-1303, Tarihi Cevdet, ez Tertibi Cevdet, c. 1-3, Matbaaye Osmaniyye, İstanbul.

**دووەم: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**

ادامووف: الكسندر، 1989، ولاية البصرة في ماضيها وحاضرها،ت:هاشم صالح التكريتي،ج2،مركز دراسات الخليج العربي،بغداد.

الاعظمي: علي ظريف. 1926، مختصر تاريخ بغداد، مطبعة الفرات، بغداد.

امين زكي: محمد. 1951، تاريخ السليمانية، نقله الي العربية: الملاجميل الملا احمد الروزبياني، شركة النشر والطباعة، بغداد.

بابان: جمال. 1993، بابان في تاريخ مشاهير البابانيين،مطبعة الحوادث، بغداد.

البصري: عثمان بن سند الوائلي. 2010، مطالع السعود بطيب اخبار الوالي داود (تاريخ العراق ونجد سنة 1188 هـ/ 1747 م الي سنة 1242 هـ/ 1826)، تحقيق عماد عبد السلام رؤوف، الدار العربية للموسوعات،بغداد.

البغدادي:عبد الرحمن بن عبد الله السويدي. 1978، تاريخ حوادث بغداد والبصرة من 1186 الي 1192 هـ/ 1772-1778م، تحقيق: عماد عبد السلام رؤوف، دار الحرية للطباعة، بغداد.

حسين، سعدي عثمان.٢٠٠٦، كوردستان الجنوبية في القرنين السابع عشر والثامن عشر، مكتبة سوران، اربيل.

الدنبلی: عبدالرزاق بيك.٢٠٠٥، المأثر السلطانية- تاريخ ايران وحروبها مع روسيا-في نهاية القرن الثامن عشر ونهاية القرن التاسع عشر الميلادين،ترجمة: محمد سيد أبو زيد، مرجعة وتقديم: عبدالحفيظ يعقوب حجاب، الهيئة العامة لشؤون المطابع الأميرية، تبريز.

الذهبي: المعجم. 1969، فارس عربي ، بيروت.

رؤوف: عماد عبدالسلام. 1975، الموصل في العهد العثماني- فترة الحكم المحلي1726-1824 ، مطبعه الاداب، النجف الاشرف.

رؤوف: عماد عبدالسلام. 1997، عاديلة خاتون صفحة من تاريخ العراق، مكتب الجواد للطبع والنشر،بغداد.

السعدون:.حميد حمد. 1999، إمارة المنتفق-وأثارها فى تاريخ العراق والمنطقة الاقليمية 1548-1918 ،دار وائل للنشر،عمان.

الشلبي: أحمد. 1991، موسوعة التاريخ الاسلامي والدول الاسلامية بالجزيرة والعراق من مطلع الاسلام حتى الأن،ط5،مكتبة النهضة المصرية،القاهرة.

الشهرباتي: عبد القادر. 2002، تذكرة الشعراء- شعراء بغداد في عهد الوزير داود باشا،ترجمة: فؤاد حمدي،حققه وقدم له وعلق عليه:عماد عبد السلام رؤوف،منشورات المجمع العلمي، بغداد.

صابان: سهيل.2000، المعجم الموسوعي للمصطلحات العثمانية التاريخية،مراجعة:عبدالرزاق محمد حمد بركات، مكتبة الملك فهد الوطنية، الرياض.

الصوفي: احمد علي. 1952، المماليك في العراق- صحائف خطيرة من تاريخ العراق القريب (1749-1831)، الموصل.

العابد: صالح محمد.1979، موقف بريطانيا من النشاط الفرنسي في الخليج العربي 1798-1810، مطبعة العاني، بغداد.

العزاوي: عباس. 1975، تاريخ النقود العراقية لما بعد العصور العباسية،بغداد.

العزاوي: عباس. د.ت، تاريخ العراق بين احتلالين (حكومة المماليك)، مج6، الدار العربية للموسوعات، بيروت.

العزاوي:عباس، 1947، عشائر العراق، ج4، بغداد.

علي: علي شاكر.1984، تاريخ العراق في العهد العثماني (1638-1750م) دراسة في احواله السياسية،بغداد.

العمري: ياسين العمري بن خيرالله الخطيب الموصلي.1967، غاية المرام في تاريخ محاسن- بغداد دار السلام، دار منشورات البصري، بغداد،1967.

فائق بك: سليمان. 1961، تاريخ المماليك (الكولمند) في بغداد، ترجمة: محمد نجيب ارمنازي، مطبعة المعارف، بغداد.

فريزر: جيمس بيلي.2006، رحلة فريزر الي بغداد سنة 1834، الدار العربية للموسوعات، ت:جعفر الخياط، بيروت.

الكركوكلي: رسول. د.ت، دوحة الوزراء في تاريخ وقائع بغداد الزوراء، نقله عن التركية موسي كاظم نورس، مكتبة النهضة، بغداد.

لونگريک: ستيڤن هيمسلي. 1968، أربعة قرون من تاريخ العراق الحديث،ت:جعفر خياط,ط4، دار الكشاف, بغداد.

ناظم بيك:حسين. 2001، تأريخ الإمارة البابانية، ت:شكور مصطفي ومحمد الملا عبدالكريم المدرس، مؤسسة موكرياني، هەولير.

نوار: عبد العزيز سليمان. 1968 ، داود باشا والي بغداد، وزارة الثقافة، القاهرة.

نوار: عبد العزيز سليمان. 1976 ، تاريخ العرب الحديث، ج1 العراق، المركز للكتب الجامعية والمدرسية، القاهرة.

نورس: علاء موسى كاظم. 1975، حكم المماليك في العراق (1750-1831)، دارالحرية للطباعة، بغداد.

نورس: علاء موسى كاظم. 1979، العراق في العهد العثماني دراسة في العلاقات السياسية (1700-1800م)، بغداد.

الوائلي: عبد ربه سكران ابراهيم. 2012، تاريخ الامارة البابانيةالكردية دارالثقافة والنشرالكردية، بغداد.

الورد: باقر امين. 1989، حوادث بغداد في12 قرن، مكتبة النهضة، بغداد.

سێیەم: سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:

نفسي: سعيد.١٣٦١ش، تأريخ سياسي واجتماعي ايران در دوره معاصر،چ٤،ج٢، تهران.

ورهرام: غلامرضا.1368ش، تاريخ سياسي واجتماعي ايران درعصر زند،چ٢، مؤسسة انتشارات معين، تهران.

چوارەم: سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:

ئەسکەندەر: سەعید بەشیر. 2004، سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، و:جەوهەر کرمانج،چابخانەی داناز، سلێمانی .

حیجازی فەر: هاشم.2002، شا ئیسماعیلی یەکەم و جەنگی چاڵدیران،و: کەمال رەشید شەریف، چاپخانە و ئۆفیسی تیشك، سلیمانی.
وەردی: عەلی چەردەیەکی کۆمەڵایەتییانە لە مێژووی نوێی عێراق، و: دلیرمیرزا، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ب.س.
یاسین: باقر. 2004، مێژوی خوێناوی عێراق "ڕوداوەکان-هۆکارەکان چارەسەرەکان، وە:حمە صالح گەڵاڵی، سلیمانی.
پێنجەم: تێزە زانکۆییەکان بە زمانی عەرەبی :
دهش: كامل جاسم. 2007، الامارة البابانية في العهد العثماني (1669-1851م)-دراسة تاريخية، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد.
الطعمة: باسم خطاب. 1985، تغلغل النفوذ البريطاني في العراق 1798-1831،رسالة ماجستر غير منشورة، كلية الادب، جامعة بغداد.
عبدالله: افين فاضل.2014، علاقات مماليك بغداد بالإمارة البابانية (1749-1831م)، رسالة ماجستير غيرمنشورة، كلية الاداب، قسم التاريخ، جامعة الاسكندرية.
العطار: عماد عبد السلام رؤوف. 1976، الحياة الاجتماعية في العراق ابان عهد المماليك (1749-1831)، رسالة دكتوراه غير منشورة، كلية الاداب،قسم التاريخ، جامعة القاهرة.
محمد : فرج محمد. 1978، الحياة الاجتماعية والاقتصادية والثقافية لدولة المماليك في العراق (1749-1831)، رسالة دكتوراه غير منشورة، كلية الاداب، جامعة القاهرة.
مراد: خليل علي.1975، تاريخ العراق الاداري والاقتصادي في العهد العثماني الثاني1638-1750م، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاداب، قسم التاريخ، جامعة بغداد.
نورس: علاء موسى كاظم. 1987، الصراع العثماني الفارسي وأثرها على العراق في القرن الثامن عشر، رسالة دكتورا غير منشورة ، كلية الاداب،قسم التاريخ، جامعة القاهرة.



**ملخص البحث**

يعد عهد المماليك (١٧٤٩-١٨٣١) أحد العهود المعروفة في تاريخ العراق الحديث، ويرجع هذا إلى طول المدة التي استغرقه، وهو حوالي قرن من الزمن في حكم العراق، ويمتاز هذا العهد بوجود ولاة اقوياء، من أهمهم سليمان باشا الكبير، الذي امتدت مدة حكمه في بغداد من(1780-1802)، شهدت مدة حكم سليمان باشا الكبير الكثير من المشاكل والمعوقات العظيمة، ومنها الصراع القبلي بين القبائل العربية و غير العربية في العراق،ومن خلال استعمال القوة تمكن هذا الوالي من اخضاع الأعداء والمعارضين كلهم لسلطته، وفي نهاية القرن الثامن عشر تمكن هذا الوالي من عقد علاقة متينة بين ولاية بغداد والسلطة المركزية في استانه من جهة، و مع بقية الولايات العراقية مثل(الموصل، البصرة، شهرزور) من جهة أخرى، وقد استطاع هذا الوالي بفضل سياسته ومقدرته الإدارية وتطلعاته العسكرية من فرض السلم و الأمان على الولايات العراقية جميعها وصولا إلى الجنوب والفرات الأوسط. لذلك يمكن القول ان عهده يمثل العهد الذهبي لحكم المماليك في العراق.

و فضلا علي قدرة هذا الوالي الاداري والسياسي قام بقطع الطريق امام انتشار الفكر الوهابي المتطرف في الساحة الفكرية العراقية، فحارب تلك الحركة بلا هوادة، وكان هذا الوالي طموحا جداً، فاراد فرض سلطته على امتداد الولايات العراقية كلها، ونتيجة لذلك اصطدم مع الأمراء والولاة الكرد من إمارة بابان على وجه الخصوص، فاراد فرض سلطته على تلك الامارات في كوردستان العراق، ولكن وفاته في عام 1802 حال دون ذلك.

**Seçilmiş Kaynakça**

El-Helebi: Mustafa Naima. 1281, Tarihu Naima- ew Rewdetu’-Huseyn fi Hulaseti Ahbaru’l-Hafıkin, c. 4, İstanbul

Rasim, Ahmet. 1329-1337, Resimli ve Haritalı Osmanlı Tarihi, 3 cilt, Sahibi ve Naşiri İkbal Kütüphanesi Sahibi Hüseyin, İstanbul

Cevdet, Ahmet. 1301-1303, Tarihi Cevdet, ez Tertibi Cedid, c. 1-3, Matbaaiye Osmaniyye, İstanbul

Adamof, Aleksander, 1989, Vilayetu'l-Basra ve Maziha ve Haziriha, çev: Haşim Salih et-Tikriti, c. 2, Merkez Dirasetu'l-Halici'l-Arabiyye, Bağdat

El-Azami: Ali Zarif. 1926, Muhtasar Tarihi Bağdat, Matbaatu'-Fırat, Bağdat

Emin Zeki: Muhemmed. 1951, Tarihu's-Suleymaniyye, nekelehu ila'l-Arabiyye: el-Molla Cemil el-Molla Ahmed er-Ruzbiyani, Şirketu'n-Neşri ve-Tebaeti, Bağdat

Baban, Cemal. 1993, Baban fi Tarihi Meşahiri'l-Babaniyan, Matbaatu'l-Havadis, Bağdat

El-Basri: Osman bin Sind el-Vaili, 2010, Mutaliu's-Suud bi Teyibi Ahbaru'l-Vali Dawud (Tarihu'l-Irak ve Necd h. 1188-1242 m. 1747-1826) Tahkik İmad Abdusselam Rauf, Daru'l-Arabiyye lil-Mevsuati, Bağdat

El-Beğdadi: Abdurrahman bin Abdullahi's-Suveydi, 1978, Tarihu Hevadisi Beğdad ve'l-Basra h. 1186-1192, m. 1772-1778, Tahkik İmad Abdusselam Rauf, Daru'l-Hurriyet li't-Tebaeti, Bağdat

Hüseyin, Sadi Osman. 2006, Kurdistanu'l-Cenubiyye fi'l-Kerneyni es-Sabii Aşar ve-Samini Aşar, Mektebu's-Soran, Erbil



Ez-Zehebi: el-Mu'cem, 1969, Farisi Arabi, Beyrut

El-Abid: Salih Muhemmed, 1979, Mevkefi Biritanya mine'n-Neşati el-Frensi fi'l-Halici'l-Arabi 1798-1810, Metbaatu'l-Ani, Bağdat

Eskender, Said Beşir. 2004, Sistemê Mirnişini li Kurdistan, ç: Cevher Kırmanc, Çapxaneyê Danaz, Silêmani

Yasin,Bakır. 2004, Mêjuyê Xwunavî Irak, Rudewekan-Hokarekan-Çareserekan, ç: Heme Salıh Gelali, Silêmani

Nefsi: Said. 1361, Tarihi Siyasi u İctimai İran der Dewreyê Musair, 4. basım, c. 2, Tahran

Verheram, Gulamrıza. 1368, Tarihi Siyasi u İctimai İran der Esrê Zend, 2. Basım, Muesseseyê İntişarati Muin, Tahran